# بادینان، سۆران، بابان

**له جیاتی دهۆک، أربیل، سلێمانی**

کۆمەڵەوتار

# بادینان، سۆران، بابان

## لە جیاتیی دهۆک، ئەربیل، سلێمانی

کۆمەڵە وتار


جەمال بابان



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر - هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

جەمال بابان
بادینان، سۆران، بابان لە جیاتیی دهۆک، ئەربیل، سلێمانی
کتێبی ئاراس ژمارە:
چاپی یەکەم ٢٠١٢
تیرێژ: دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان – ٢٠١٢
نەخشاندنی ناوەوە و رازاندنەوەی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: تریسکە ئەحمەد

ژپنک:
ژمارەی پێوانەییی ناودەوڵەتیی کتێب
ISBN: 978-9966-487-79-9

## پێڕست


بادینان، سۆران، بابان لە جیاتیی دهۆک، ئەربیل، سلێمانی ........ 7
خانزاد و نامە بەنرخەکەی مامۆستا رەفیق حیلمی ........ 22
ئاورێک لە مێژووی دزەیی ........ 28
مێژووی لە بیرنەچوو ولاتی سلێمانی و شەڕەکەی ڕەشید عالی گەیلانی ........ 35
تۆزێکیش کۆن بە یادکردن بانگهێشتنی هەندێک قوتابی بۆ بەغدا ........ 38
فرمێسک بۆ مۆنتکارلۆی کوردستان ........ 46
خەڵکە هاوارە... خزمە هاوارە ئاگر و دووکەڵی... (سۆما) بێ بوارە ........ 51
دیمەنی ڕۆژانەی ڕووداوەکان ........ 55
دیمەنی ڕۆژانەی ڕووداوەکان ........ 57
دیمەنی ڕۆژانەی ڕووداوەکان ........ 59
دیمەنی ڕۆژانەی ڕووداوەکان ........ 61
دیمەنی ڕۆژانەی ڕووداوەکان ........ 63
نامەیەکی کراوە ........ 65
تیشکێک بۆ سەر ململانێی ئەمڕۆی کوردستان و گەندەڵی لەبەر... ........ 73

## بادینان، سۆران، بابان

## لە جیاتیی دهۆک، ئەربیل، سلێمانی

**پێشەکی:**

لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە (٥١٥٥) ڕۆژی چوارشەم ٢٠١٠/٤/٢١ لە لاپەڕەی یەکدا هەواڵێکم خوێندەوە کەوا پارێزگاری موسەننا دەبێتە (ورکا)... لەسەر داوای کۆمەڵی مەدەنی لە پارێزگاکە، بەوەدا کە (ورکا) ناوی شارستانییەتێکی دێرینی ناوچەکەیە و ئەو هەنگاوەش جۆرێکە لە شانازیکردن بە مێژووەوە، نموونەشیان بەناوی پارێزگاکانی نەینەوا و ئەنبار و بابل هێناوەتەوە کە ناوی لە شارستانییە دێرینەکانەوە وەرگیراوە.

کە ئەم هەواڵەم خوێندەوە، خەیاڵ بردمیەوە بۆ ڕۆژگاری سەردەمی بەعسییەکان کە ناوی چەند پارێزگایەکیان لە عێراقدا گۆڕی و دایانە پاڵ ڕووداو یاخۆ شوێنی مێژوویین وەک ناوی حلەیان گۆڕی بە بابل، ناسریە بوو بە زیقار، عەمارە بوو بە میسان، دیوانیە بوو بە قادسیە، کووت بوو بە واست، مووسڵ بوو بە نەینەوا کە (تکریت)یش بوو بە پارێزگا، ناویان نا سەلاحەدین بەناوی سوڵتان سەلاحەدینی ئەیووبییەوە کە لە تکریت لەدایک بووە، هەرچەندە ئەوان هەرگیز ئەو پیاوەیان هەر بە (عەرەب)یان داناوە، کەرکووک بوو بە تەئمیم، ڕمادی بوو بە ئەنبار، منیش لەو دەمەدا نیشتەجێی بەغدا بووم، شتێکم لە بابەت پارێزگاکانی کوردستانەوە نووسی هەر لەسەر بۆچوونی ڕووداو یاخۆ شوێنی مێژوویین یان بەرەی حوکمڕان و کەسایەتیی ناودار نووسی و دام بە ڕۆژنامەی "العراق" کە گوایە پاشماوەی ڕۆژنامەی کوردەکانە کە بۆ بڵاو بکاتەوە.. هیچ.

* پێشنیازەکانم بەمجۆرە بوو:

ناوی پارێزگای دهۆک بگۆڕدرێت بۆ پارێزگای (بادینان) و ناوی پارێزگای (اربیل – هەولێر) بگۆڕێت بۆ پارێزگای (سۆران) و ناوی پارێزگای سلێمانی بگۆڕێت بۆ پارێزگای (بابان).

بێگومان ئەگەر ڕۆژنامەی (العراق)یش ئەو نووسینەی بڵاو بکردایەوە، بەعس هەر زوو زیندەبەچاڵیان دەکرد. وا ئەمڕۆ کە کوردستان بەدەست ڕۆڵەکانیەوە خۆمان فەرمانڕەوای وڵاتی خۆمان نین ئەم پێشنیازە سەرلەنوێ دەخەمە پێش چاو، داوا دەکەم لە کاربەدەستانی بە قووڵی سەیری ئەم ڕەئیەی من بکەن و لێی بکۆڵنەوە و ئەگەر پێویست بوو بخرێتە بەردەمی چەند لایەنێکی تر بۆ زیاتر لێکۆڵینەوە و بڕیاردان لەسەری.

بەڵگەنامە:

یەکەم: لە بابەت (دهۆک)ـەوە:

میرنشینی بادینان بەگوێرەی چەند رایەکی پەسند لە دەوروپشتی سەتەی سێزدەمی زاینیدا دامەزراوە، لەم بابەتەوە (شەرەفنامە) دەڵێت: حاکمی (قەڵای گارون) لە وڵاتی شەمدینانی ڕۆهەڵات سێ کوڕی هەبوو: شەمسەدین و منتشأ (منەت شا) و بەهائەدین شەمسەدین ڕووی کردە هەکاری و لەوێ میرایەتیی بۆ خۆی دامەزراند، منتشأ چووە (کلیس) لەوێ ئیمارەتی خۆی پێک هێنا و بە (ال مەند) ناوی دەرکردووە، بەهادینیش ڕووی کردە ئامێدی (عمادیە) لەوێ میرنشینی دامەزران کە بە (آل بهاءالدین) یاخۆ (بەهدینی) ناسرا.

خوا لێخۆشبوو (انوار مائی) دەڵێت: هەروەها (شرفنامە)ش کە ڕەگ و ڕیشەی میرەکانی بادینان دەچێتەوە سەر یەکێک لەو والییانەی خەلیفەکانی عەباسی کە حوکمڕانی کوردستان بوو یاخۆ دەچێتەوە سەر (عباس) ناوێک،

بۆیە میرەکانی بادینان بەناوی (عباس)ـەوە بەناوبانگن ئەگینا خۆیان عەباسی نین واتا ناچنەوە سەر خەلیفەکانی عەباسی.

ئەم بەهادینە پیاوێکی لە خواترس خۆشەویستی دانیشتوانی ولاتەکەی بووە، چونکە لە سەردەمی ئەوا ئاسایش و باری ولات بەرەو پێشکەوتن و ئاسوودەیی دەڕۆیشت و گەلێک شوێنی تر هاتنە ژێر ڕکێفیەوە. دوای خۆی نەوەکانی هەموو خۆیان بە کوڕ و کوڕەزای عەبلس (عەباس) ناو دەبرد تاکو لە ڕووی ئاینیشەوە خەڵکەکە بڕوایان پێیان بێ کە ئەوانیش (ئال البیت)یان خۆشدەوێ و ڕێزیان لێ دەگرت.

ئا بەمجۆرە ئەم میرایەتییە بەناوی (بهاء ْالدین)ەوە ناوی دەرکرد بە کوردی (بهاء ْالدینان) بوو بە (بهادینان) ئینجا (بادینان).

هەرچەندە هەندێ مێژووناس دەڵێن: گوایە ناوی (بادینا) لە (بها ْالدین) کۆنتر و لەپێشترە. دەڵێن گوایە بادینان لە وشەی (ادیابن)ی کۆنەوە هاتووە کە ناوی ناوچەیەک بووە دەکەوتە نێوان ڕووباری دیجلە و زاپ یاخۆ زێی بچووکەوە کە ئەم ناوچەیە زاخۆ و دهۆک و ئاکرێ و ئامێدی و هەکاری دەگرێتەوە.

گوایە (ئەدیابین)یش هەر ناوچەی (حریاب) دەگرێتەوە. هەروەها ناوەکانی (أدیاب- أدیابن- هادیابین) هەموو بن و بنچینەی (بادینان و أدیابن) بکەیت سەیر دەکەیت زۆر لەیەکەوە نزیکن و فەرقێکی ئەوتۆیان نییە.

چەند مێژووناسێکی تر (بادینان) بەگەلێک کۆنتر دادەنێن لەوانەی کە باسمان کردن. ئەوانە لە ڕووی زمانەوە (بادینان) لێک دەدەنەوە، گوایە وشەی (الدیانە) لە (دانیا)وە پەیدا بووە.

ئەم ناوەش لە ناوچەی (بادینان)دا هەبووە و هەر (بهدینان)ی دەگرتەوە کە بەرەچەڵەک (الدین الطیب یاخۆ احق الادیان) دەگرێتەوە کە ئەوەش دیانەتی زەردەشتییەکانی خۆی لە (بادینا)یشدا بلاو بووەوە دیسانەوە گوایە

(بادینان) لە (باغ- دین) واتا باخـــچـــەی ئاین هاتووە بەو بڕوایەی کـــە لە ناوچەکەدا ئاین و مـەزهـەبی جۆرەوجۆر هـەبوون وەک: زەردەشتی و جـوولەکە و دیان و ئیسلام و ئێزدی...

(سەرچاوە: کتێبی امارە بادینان- کاوە فریق احمد ئامێدی) چاپخانەی خەبات - دهۆک).

دووەم: لە بابەت (اربیل - هەولێر)ـەوە.

(ئینسکلۆپیدیای هەولێر بەرگی - ٣) سەبارەت بە ناوی پارێزگای هەولێر (اربیل) دەڵێت: بیـروڕای جیـاواز لەبارەی چۆنیـەتیی پەیدابوونیـەوە هەیە، هەندێک پێیان وایە ئەم ناوە لە بنەڕەتدا لە (اربیلا)وە هاتووە پاشان گۆڕانی بەسەردا هاتووە و بووە بە (هەولێر) بەم شێوەیە:

- (اوبیلا، اوبیل، اویل، اوریل، هۆبیل، هەولێر)، بەڵام هەندێکی تر پێیان وایە ناوی هەولێر لە وشەی ئەربیلەوە بەم شـێـوەیە هاتووە (اربیل، ارویل، اولیر، هەولێر). ئینجا دەڵێت: سەبارەت بەناوی (اربیل) بۆ یەکەم جار ئەم ناوە لە تێکستەکانی پاشای سۆمەری (شولکی ٢٠٠٠ پ.ز)دا بەشێوەی (اربیلم) پاشا لە سەردەمە جیاجیاکانی ئاشووری و فارسی و یۆنانی و عەرەبی، گـۆڕانی بەسەردا هاتووە و بەناوی (اربیلا- ئەربائیلو) بنجی داکوتاوە بەم شێوەیە:

(اربیلم- اربائیلو- اربیرا- اربیلا- اربل- اربیل) کە مانای چوار دێت کە ئێستا و لە کۆن بەیەکێک لە شارە کۆنەکانی جیهان دێتە ژماردن... و ناوچەکانی پارێزگای هەولێر بەردەوام بەشێک بووە لەو ئیمپراتۆر و دەوڵەتانەی یەک لەدوای یەک هاتوون و ناوچەکەیان داگیر کردووە وەکو (گوتی، کاشی) دواتریش سەردەمی ئاشوورییەکان دێت کە زێڕینترین سەردەمی کۆنی شاری هەولێر و ناوچەکانی دەوروبەری بووە بەتایبەتی ئەو

کاتەی شاری هەولێریان کردە مەڵبەندی ئاینی خۆیان، دوای ئاشوورییەکان ئەخمینییەکان (هەخانەنشییەکان) و فرسییەکان (پارتەکان، ئەشکانییەکان) ئینجا ساسانییەکان، دوای ئەوان سەردەمی ئیسلام دەست پێ دەکات: لەم بەینەدا ماوەی فەرمانڕەوایەتیی میرنشینی ئەتا بەگی بە گرینگترین ماوە دەژمێردرێت لە مێژووی شارنشینی هەولێردا، چونکە لەو سەردەمەدا هەولێر بووژانەوەیەکی زۆر بەخۆوە دەبینێت لە سەرجەم بوارەکانی بیناسازی و زانستی و ئایینیدا بەتایبەتی لەسەردەمی فەرمانڕەوایی (سوڵتان موزەفەرەدینی کۆکبری کە منارەی موزەفەری (منارەی چۆلی) و نەخۆشخانە و چەندین خانەقا و پەناگە بۆ نەخۆش و بێ نەوایان و ڕێبواران دروست کرا، پاشان هەریەکە لە مەغۆلی و جەلائری و دەوڵەتی مەری سپی و مەری ڕەش و سەفەوی تاکو دەگاتە سەردەمی داگیرکەری عوسمانی (١٥١٤- ١٩١٨) کە تەواوی ناوچەکانی پارێزگای هەولێر کەوتە ژێر دەسەڵاتیان، میرنشینی سۆران کە لەو سەردەمەدا نیمچە سەربەخۆییەکی لە ناوچەکەدا هەبوو، دەسەڵاتی تەواوی بەسەر هەموو لایەکدا لەوانە هەولێر هەبوو، پتر لە پایەتەختێکی بۆ خۆی هەڵبژارد لەوانە (خەلیفان، هەریر، هەولێر، دوین، ڕەواندز) هەر لەو سەردەمەدا شاری ڕەواندز هەندێ بووژانەوەی لە بوارەکانی بیناسازی و بازرگانی.. بەخۆوە بینیوە کە ئەمە بۆ خۆی هۆکارێکی تری گەشەی شارنشینە لە پارێزگای هەولێر.

* بۆچی پێشنیازی (سۆران) لە جیاتیی (اربیل) دەکەین؟

دەرکەوت کە ناوی (اربیل) زیاتر لە (اربا- یلو)وە هاتووە کە واتای (اربعة - الحقة). چوار خوا) دەگەیەنێت و بەوە ناوی دەرکردووە کە سەنتەری عیبادەتی ژنە خواوەندی بەناوبانگ عەشتارە کە بەناوی (عەشتار- ئەربلا) ناسراوە.

ناوی شوێنی پەرستگایەکەش لە نووسینی مێخی (مزماری) بەشێوەی

(اي كشان- الملا) هاتووه كه واتای (مالی- سيرة الاقليم: گەورە ژنی دەڤەر) دەگەیەنێت جگە لەوەی پەرستگای (Ashur) خوا بووە.

لە کتێبی (المرتد الي مواطن الاثار والحضارة) نووسین و دانانی (طه باقر و فوئاد سفر) کە دوو شوێنەوارناسی هەرە بەناوبانگی عێراقن کە لە زووەوە بە (اربیل) وتراوە ادیابین (Adiabin) یاخۆ (حدیاب) لەلایەن ئەهلی شامەوە.

دووریش نییە حریاب لە وشەی (زاب)ـەوە هاتبێ، چونکە ئارمییەکان بە زاب دەڵێن: (ژب)، ئەوسا ادیابین دەڤەری هەردوو زێ دەگەیەنێت واتا زێی گەورە و زێی بچووک.

ئیتر لەو ڕووەوە لێکدانەوە و بۆچوون زۆرە، لەوانەش تێهەڵکێشانی ناوی (اربیل و هەولێرە بەو جۆرەی گوایە هەولێر لە شێکردنەوەی (اربیل)ـەوە هاتووە، یاخۆ بە پێچەوانەوە.

هەرچەندە ناوی اربیل لە مێژوودا چەسپ بووە بەو جۆرەی کە هەیە، بەڵام کە سەیر دەکەین دەبینین هەر مۆرکی ئاشووری لە مۆخیایە کەوابوو بۆچی نەگەڕێینەوە سەر ناوە کوردییە مێژوویینەکەی خۆی کە چەندان ساڵ و زەمان هەر (سۆران)ی پێ وتراوە ئەو ناوەی کە گەلی کورد ئێستا و هەمیشە هەر شانازیی پێوە کردووە.

دوا بەڵگەشمان (ئینسکلۆپیدیای هەولێرە) کە تازە بە دە بەرگی قەشەنگ دەرچووە. کە بەرگی سێیەمی لە لاپەڕەی (١٣٤١)ـەوە تا دەگاتە (١٣٧٧) کە هەمووی بەشان و باهوی (سۆران) و بنەماڵەی سۆران و میر محەمەدی پاشای ڕەواندزدا هەڵدەدا و لە ڕووی مێژوویینەوە و بەگوێرەی سەرچاوە و بەڵگەنامە باسیان دەکات و بەمجۆرە: (چاکسازیی میر محەمەد لە ڕووی ئابوورییەوە - لە ڕووی کشتوکاڵەوە - لە ڕووی پیشەسازی و لێدانی دراو (سکە) بی (٣٥) لاپەڕە.

یەکەم: (فەرمانڕەوایانی سۆران لە کتێبی شەرەفنامەوە کە باسی

بنەماڵەی میرانی سۆران دەکات.. هەر وا دێت تا دەگاتە (بنج و بناوانی میرانی سۆران) لە لاپەڕەی (١٣٤٦ تا ١٣٥٧) بە نزیکەی (٣٠) سەرچاوە.

دووەم: (پرۆژەی میرنشینی سۆران بۆ سەربەخۆیی عێراق ١٨٣٢ زاینی). دوکتۆر عیماد عەبدولسەلام رەئووف (لاپەڕە/ ١٣٥٨- ١٣٦١). ئەم نووسینە نرخی لەوەدایە کە دوکتۆر عیماد پشتی بەچەند بەڵگەنامەیەک بەستووە، کە دوو جۆر هەوڵی پاشای رەواندز (میر محەمەد) دەخاتە پێش چاو کە لەوەوپێش شاراوە بوو، یەکەمیان: رێک کەوتن و قسەکردن لەگەڵ (محەمەد عەلی پاشا)ی میسر (کە ئەویش والیی عوسمانییەکان بوو لە میسر، بەڵام بە ئازایەتی و ژیریی خۆی لە عوسمانییەکان جیا بووەوە و سەربەخۆیی بۆ میسر پێک هێنا.

لەلایەکی ترەوە بەقسەی میر محەمەد عەلی کە وەلیی عەهدی فارووق بوو، گوایە محەمەد عەلی پاشا بە رەگەز کوردی دیاربەکرە، کۆواری (نوروز العراق الجزء السابع ١٩٨٨ ص ٢٦ کە لە مجلة المصور القاهریەی ساڵی ١٩٤٨ مقابلة صحفیة مع الامیر المصري وسلیل عائلة محمد علي الکبیر وەرگرتووە ج.ب).

* قسەکردن لەگەڵ محەمەد عەلی:

سێیەم: رێککەوتنێکی سێ قۆڵیی پاشای گەورە (حلف کوردی - عەرەبی- مملوکی) واتا رێک کەوتن لەگەڵ عەرەب و (مەمالێک کە ئەو کاتە دەستیان دەڕۆیشت لە بەغدا، بگرە لە عێراقدا)، بەڵام عوسمانییەکان هەستیان بەمە کرد، زوو فریای خۆیان کەوتن و پرۆژەکەیان بە زەبروزەنگێکی تەواوەوە تێک شکاند.

چوارەم: (میرنشینی سۆران لە سەتەی نۆیەمی کۆچی/ پازدەی زاینی نووسینی رابیعە فەتاح خۆشناو زانکۆی سەلاحەدین. (ل ١٣٦٢- ١٣٦٤) بە

دوازده سەرچاوەوە. کە زیاتر سەنگاندنی بۆچوونەکانی شەرەفخانی بەتلیسی و د. زرار سدیق و باسی بەسوودی تری تێدایە.

پێنجەم: (نامەیەکی محەمەد پاشای رەواندزی بۆ سوڵتانی مەحموود) نووسینی مامۆستا عەبدولرەقیب یوسف (لاپەڕە ١٣٦٥- ١٣٧٠) میری رەواندز شکاک لە (عەباس میرزای شای قاجار و حوسێن عەلی خانی برای حاکمی کورمانشا و عێراقی عەجەم و دەستدرێژییان بۆ سەر میرنشینەکەی خۆی و چۆن میر بەرەنگارییان بووە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێویستی بەیارمەتیی سوڵتان هەیە ڕۆژی نووسینی نامەکە ١٨٣٩/٨/١٨یە.

شەشەم: سۆرانە پێشینەکان، لێکۆڵینەوە لە بەڵگەنامە عوسمانییەکان، نووسینی دیسانەوە دوکتۆر عیماد عەبدولسەلام رەئووف کۆلێجی ئاداب. زانکۆی سەلاحەدین (لاپەڕە (١٣٧١- ١٣٧٧) کە لە پێشەکییەکەیدا دەڵێت: (مێژووی میرنشینی سۆران شوێنێکی گرینگی لە مێژووی کورددا هەیە).

هەر لە کاتی دروستبوونییەوە لە سەدەی نۆزدەمی زاینیدا کە زۆر دەسکەوتی هەبووە. لە هەندێ کاتدا میرنشینەکەیان فراوان کردووە، بوون بە هێزێکی سەرەکی کە ڕۆڵیان لە هاوسەنگییە سیاسی و سەربازییە گرینگەکانی لە ناوچەی ڕۆهەڵاتی ئیسلامیدا هەبووە و دەڵێت: هەرچەندە زانیاریی ئێمە کەمە لەبارەی ئەم میرنشینەوە. بەڵام کۆنترین بەڵگەنامە کە باسی ئەمان دەکات دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٥٧٣، ئیتر دوای ئەوەی ئاماژە بۆ گەلێک بەڵگەنامەی تر دەکات کە بە هەموویان مێژوویەکی بەسوود لە بابەت میرنشینی سۆرانەوە دەخەنە پێش چاو. ئەنجا منیش دەڵێم: ماوەیەکی زۆر دەڤەری هەولێر بە هەولێر خۆشیەوە لە سەردەمی حوکمی سۆراندا هەر بەناوچە یاخۆ دەڤەری سۆران ناودەبرا، وەک دەڤەری شارەزوور و سلێمانی بە وڵاتی بابان و دەڤەری دهۆک و زاخۆ و عەمادیە و دەوروپشت بە (بادینان) و بۆ ماوەیەکی زۆر بەو ناوانەوە دەناسران. وەنەبێ

ئەوانەش (غـەریب یاخـۆ دوور بن لـە ڕاسـتـیـیـەوە). بگرە وەک هەقـیـقـەتێک هـەبوون و تا ئێسـتاش لە هـەندێک شوێن یـاخۆ لەلایەن هـەنـدێ کەسـەوە هـەر ئەو ناوانە بەکار دەهێنرێن. قـەینا ناوی (هـەولێر) بۆ شـاری خۆی بمێنێتەوە. بەڵام ئێـمـە مـەبەسـتـمـان ناوی ناوچەکـە یاخـۆ پارێزگـایەکـە بگۆڕێت بە (سۆران)ی مێژوویین وەک ئەو هەموو پارێزگایانەی تری عێراق. چونکە ناوی (اربیل) ناوێکی ئاشوورییە و کوردی نییە.

ناوی پارێزگـای (کـوت) گـۆڕا بە (واسط) چونکە (کـوت) لە عـێـراقـدا بە واتای ئەو کۆختە دێت کە جووتیار لە گوێ ڕووبار بە قامیش و گەڵا دروستی دەکەن و بە قوڕ و خشتی قوڕ ئەملا و لای و سەری دەگرن. ئەمە لە ڕاستیدا شتێکی ئەوتۆ نییە کە ناوی پارێزگایەک بێت بۆیە ناوەکەی گۆڕا بۆ (واسط) کە (واسط) شوێنێکی مێژووینی ناوچەکەیە.

هـەروەهـا (مـوصـل) کـە چـەند بۆچـوونێک لـەسـەر ناوەکـەی هـەیە وەک: (مـسبـلا) کە زەینەفـون لە گەڕانـەکەیدا سـاڵی ٤٠١ پ.ز باسـی دەکات. یاخـۆ (مشبـالو) کە ناوێکی ئاشوورییە بە واتای زەویوزاری نزم دێت. بە عەرەبیش (موصـل) بە واتای ئەو شـوێنەیە کە دوو شـوێن بەیـەک دەگەیەنێت. بۆیە نـاوی پارێزگـایەکـە لە (مـوصـل)ـەوە گـۆڕا بۆ (نـەینەوای مـێـژوویـین)، بەڵام نـاوی شـارەکەی موصـل وەک خۆی مایەوە.

سێیەم: لە بابەت (سلێمانی)یەوە:

(سلێمـانی) هـەتا نزیکەی سـاڵەکانی بیستی سـەتەی پێشوو هـەر بە(وڵاتی بابان) نـاسـرابوو. دەیان بەڵگەنامـە هـەیە لەم ڕووەوە: بەڵگەنـامـە شـیـعرەکەی حـاجی قادری کۆیی یەکسـەر مەبەسـتەکە دەپێکێ کە دەڵێت: لە ڕۆما کـەوتە بەرچاوم کـەسـێکی هایم و حـەیران– بەڕەنگا تێ گـەییم کوردە بـە شـێـوەی ئەهلی کوردسـتـان ـ چوومـە خزمـەتی پرسیم برادەر خـەڵکی کام جێگای؟ لە کـام لا هـاتووی؟ گـریا وتـی: بابـان، گـوتم بـابـان؟ دڵم داوە و وتم بـاوکـە

هەموومان بێ کەسین لێرە– چ قەوماوە لە گەلێ حەیفە مەگرێی هەروەکو باران، گوتی بۆ غوربەت و ڕووتی نییە گریان و هاوارم _ لە داخی حاکمی خۆمە لە شان و شەوکەتی و کردان.

بەلاّم بەپێویستی دەزانم هەر لەم بابەتە شیعرەی هەندێ لە شاعیرە ناودارەکانی تریش بخەمە پێش چاو. دواى ئەوە دەست بکەم بە لێکدانەوە و ڕاڤەکردنی ئەو خاڵەی کە مەبەستمە.

شێخ ڕەزای تاڵەبانی دەڵێت:

لە بیرم دێ سولەیمانی
کە دار مولکی بابان بوو
نەمە حوکمی عەجەم،
نەسو خرەکێشی ئالی عوسمان بوو

تاکو دەڵێت:

عەرەب ئینکاری فەزڵی
ئێوە ناکەم ئەفزەڵن ئەمما
سەلاّحەدین کە دنیای گرت
لە زومرەی کوردی بابان بوو
قبوری پڕ لە نووری ئالی بابان پڕ
لە ڕەحمەت بێ
کە بارانی کەفی ئیحسانیان وەک
هەوری نیسان بوو

پیرەمێردی نەمریش دەڵێت:

خوا پاداشتی ئەم نەهامەتییەی،
وا دایەوە و وام دی
بە پێی خۆی هاتە بەرپێم، تاجی
گەوهەرداری کوردی
سەلاحەدین جەلالی وای نەبوو،
تأریخ لە بەرچاوە
پاشاکانی بابان ئەمرن بە عزرەت
ڕۆژێکی واوە

ئەورەحمان بەگی سالم لە قەسیدە دوور و درێژەکەیدا کە باسی کوژانەوەی چرای بابان دەکات بەدەستی عوسمانییەکان، ئەم چەند بەیتەی لێ هەڵدەبژێرین کە دەفەرمووێ:

لێم گەڕێن با گۆشەگیر بم،
دەستەئەژنۆ، کەف زەنان
گێژەڵۆکەی بای ئەدامەت، تاری
کرد سەفحەی جیهان
تورکی قورصی خۆر کە قاتع بوو،
تلّوعی کرد بە رەقس
کەوکەبەی ماهی مرادی ئەهلی
بابان بوو نیهان
ئەهلی بابان گریە کەن بۆ خانەدانی
ئاغەتان

نیمێ مەخبوس، نیمێ مەقتول،
نیمەبێ مەنفی کران
هەوری بەدبەختی، کە هاتە ڕووی
فەلەک وەک ڕەنگی قیر
کەوکەبەی ماهی مرادی، ئەهلی
بابان بوو نیهان
ساعیقە و بەرقی نەدامەت،
زوڵمەتی دا، شەرق و غەرب
بەردە بارانە بە مەخسوسی،
لەسەر موڵکی بابان

مامۆستای خوا لێخۆشبوو عەبدولخالق ئەسیری لەژێر ناوی (سەردەمێکی ڕابردوومان) باسی کوردستانی گەورە دەکات و بە خەیاڵ هەموو پارچەکانی لەیەک دەدا و دەڵێت:

سنە و سابڵاخ و کرماشان و کەرکووک و سلێمانی
شنۆ و لاجان و سەردەشت و بەناوشا سەیوانی

تا دەگاتە:

کەند و ئەسعەد ئاباد و بروجرد و نەهاوەند
سەهەند و قەسری شیرین و لوڕ و
سەرپێل و گەیلانی
دەعیە ئەردەڵانی لوڕ زبان و
قەومی جەنگاوەر

ئەمانە یەکدگیر بوون لەژێر
بەیداخی بابانی
ئەسیری بۆ تەرەقی و ئیتیحادی
شەئنی ئەم قەومە
فیداکە سەروەت و ماڵت بەناوی
حەقمە ئینسانی
ئینجا بە شیعری تەڕ و پاراوی

(لەیلان – شەفیقە عەلی) کۆتا بە شیعر دەهێنێ و دەچێتە سەر ناوەڕۆکی باسەکەمان:

چەندە لام جوان بوو، لاوی کوردستان
هەڵیان گرتبوو، خەنجەری دەبان،
ئەوڕەحمان پاشا، سەرداری بابان
هاتە دیدەنیی سوپای کوردستان
بەناو سوپادا ئەسوڕایەوە
دڵی سەربازی پێ ئەکرایەوە، ئینجا
بەدیم کرد، شێخ مەحموودی نەمر
بۆ گیانی دوژمن، بووبوو بە ئاگر
هەر لەو دەربەندەی باسمان کرد ئێستا
ڕووبەڕووی دوژمن، وەک پڵنگ وەستا
با دروست کرێ، دوو پەیکەر لەژێر
بەدەست و بازووی کورد گەلی دلێر

یەكێک بۆ شێخ بێ بەردە قارەمان
دووەم بۆ پاشای بەجەرگی بابان
بەرامبەری یەک، لە گەرووی بازیان
بدرەوشێتەوە بەدیدەنیتان، با دیدەی ئێمە بگەشێتەوە.

* پێش سلێمانی و دوای دروستكردنی سلێمانی:

پێش سلێمانی چەند شارۆكە و شار سەنتەری میرایەتیی بابان بوون و وڵاتەكەش هەر بە دەڤەری (بابان) ناسرابوو، ماوەیەک نەبێ لە ڕووی (ئیداری)یەوە (وڵاتی شارەزوور) یان بە ئیدارە و والیی بەغداكە هەموو لەژێر فەرمان و ئیدارەی سەڵتەنەتی عوسمانیدا بوون.

بەهەرحاڵ لە سەرەتاوە ئەم شوێنانە باسیان دەكەین سەنتەری میرنشینەكەی بابان بوون، بەڵام هەر بەدەڤەری بابان ناودەبران.

- مەرگە لە ناوچەی (بنگرد) سەر بەقەزای پشدەر، لە سەردەمی (سوڵتان سلێمانی قانوونی)دا كە دەكاتە نزیكەی ساڵی ١٥٩٦ز.

- دارەشمانە دیسانەوە لە ناوچەی پشدەر سەدەی شازدەی زاین.

- ماوەت (١٦٠٨- ١٦١٩ز) سەردەمی بەكر بەگی بابان.

- قەڵای بەكراوا سەردەمی بەكرە سوور واتا بەكر بەگی بابان كە ئەو قەڵایە و جۆگەی بەكرەجۆی ئاوا كردەوە (١٦١٩- ١٦٢٧ز).

- قەڵاچوالان (١٦٦٩- ١٧٨٤ز.)

- سلێمانی (١٧٨٤- ١٨٥١ز) تا كوژانەوەی چرای میرایەتیی بابان .

لام وایە ئەم بەڵگەنامانە قەناعەت بەهەموو كەس یاخۆ داواكارییەكەی من دەسەلمێنن كە ناوی مێژووییی ناوچەكە (بابان) بووە و دوای كۆتاییی میرایەتیی بابانیش، هەر بەو جۆرە ڕۆیشتووە تا سەرەتای بیستەكانی

سـەدەی ڕابردوو ئەمـە (رای) نووسـەرێكی كـەمێك شـارەزایە بە مـێـژووی وڵاتەكەی و مـیللەتەكەی، ئەگەر پەسندكراو پێی وەرگیرا ئەوە خـزمـەتێكی كردووە.

ڕەنگ هەیە زۆر كـەس بڵـێ ئێسـتـا و لەم بـارودۆخـە ئاڵۆزەی عـێـراقـدا لەبارەی ئەمـڕۆی سـیـاسـی و ئابووری و كـۆمـەڵایـەتیی كوردسـتـانەوە، كـەی ڕۆژێ ناو گۆڕینە وەڵامی منیش بۆ ئەوان ئەوەیە: ئەم كـارە درێژخایەنە دوای ناو گـۆڕینی هـەر پـارێزگـایـەك بێگومـان گۆڕینی گـەلێك شـتـی تری بەدوادا دێت، بۆیە منیش هەر لە ئێستاوە ئەم پێشنیازەم خستە بەرچاو.

* ڕۆژانی كوردستانی ژمارە (٥١٧١) دووشەم ٢٠١٠/٥/١٠

* كوردستانی نوێ (٥١٧٧) ساڵی ٢٠١٠/٥/١٧ بڵاو كراوەتەوە.

## خانزاد و نامە بەنرخەکەی مامۆستا ڕەفیق حیلمی

ساڵ، ساڵی ١٩٥٦ بوو، بەکاروباری میری لە ناوچەی هەولێردا بەڕێوەبەری ناحیەی (کندیناوە) بووم کە ناوەڕاستەکەی (دیبەگە) بوو، کاتی دوای ئیشم زیاتر بە خوێندنەوە دەبردە سەر کتێبێکم بگرتایە بەدەستەوە تا شەو لەبەر چرا و لۆکس تەواو نەکردایە هەتاویش بکەوتایە دام نەدەنا.

لە سەردانەکانی هەولێردا جارێک مامۆستا گیویی ڕەحمەتی کە هەموو جارێک هەگبەکەمی بۆ پڕ دەکردم لە چاپکراوەکانی لەمەڕ چاپخانەکەی خۆی. ئەوجارە (لالۆ کەریم)ی کاک جەمال نەبەزی دامێ کە هەر لەو ساڵەدا (واتا ١٩٥٦) دەرچوو بوو. منیش کە گەڕامەوە شوێنی خۆم و خوێندمەوە.. کەوا باسی کوێرەوەریی دانیشتوانی لادێ دەکات سەیرم کرد من شتی گەلێک زۆر ترم لایە، (یەکەم هەڵە لەو چیرۆکەدا تەمەنی خانزاد بوو کە سەرنجی مامۆستا هەردیی زیاتر ڕاکێشابوو) بەوەدا کەوا هەر لە منداڵیمەوە زۆربەی ژیانم لە لادێ بەسەر بردووە و ئێستاش هەر لە ناحیە گیرساومەتەوە. منیش یەکسەر قەڵەمم لێ گرت بەدەستەوە و لە ماوەیەکی کەمدا خانزادم نووسییەوە و چەند جارێک پیدا چوومەوە، یەکەم کەس بۆ ماڵەوەمم خوێندەوە کە تەواوم کرد سەیرم کرد خوڕخوڕ ئاو بە چاویدا هاتە خوارەوە، بۆم ڕوون بووەوە کە نووسینەکەم کاریگەرە، لەگەڵ ئەوەشدا هەر بە ترس و لەرزەوە ناردم بۆ برادەری دڵسۆزم (کاک ڕەئووف مەعرووف خاوەنی کتێبخانەی گەلاوێژ لە سلێمانی) تاکو پێشانی چەند کەسێکی بدا، ئەگەر دوای سەنگاندن باش دەرچوو چاپی بکات.

دوای ماوەیەکی کورت وەڵامم لە کاک مستەفا ساڵح کەریمی هاوڕێمەوە

وەرگـرتەوە کـە خـانزادی گـەیانبـووە ڕیزی نووسـینـە هەرە بەنرخـەکـانی کتێبخانەی کوردی و پێشـەکییەکیشی بۆ نووسیبوو لەگەڵ هەندێک تێبینیی تردا (بەڵام چەند هەڵەیەک لە چیـرۆکەکەدا بـوو، نە من و نە کاک مـسـتـەفا هەستمان پێ نەکردبوون تاکو دوای چاپکردنی).

ئینجا با بەکورتی بیبڕمەوە کە خانزاد لە چاپ درا و بڵاو بووەوە و منیش لەو بەینەدا سەرێکی سلێمانیم دا، سەیرم کرد خانزاد نیمچە شۆڕشێکی لە چیرۆکی کوردیدا بەرپا کردووە، لەسـەر شـەقام لەناو بازاڕ لە مـاڵی خزم و (نرخاندنی رەفیق حیلمی بەو جۆرە بۆ خانزاد مایەی شانازی و سەربەرزییە بۆ من) برادەر، هەر کەسێکم ئەدی پیرۆزبـاییـیان لێ دەکردم، منیش هەندێ جـار بڕوام بەخـۆم نەدەکـرد و لە دڵی خـۆمـدا دەمـوت (... ئـەمـە منم، ئەم شـۆڕشـەم بەرپا کـردووە)؟ ئەمـەش یەکـەم بەرهەمم بوو، بۆیە بڕوام بەخـۆم نەدەکرد، چیرۆکەکە هەمووی (٥٦) پەڕە بوو، باسی ژیانی ناهەمواری لادێ و دەرد و ئەندێشـەی ئەو هەژارانە و مـاڵ و منداڵیـان و گیـرخـواردنیـان بەدەست زۆردار و، ڕەوشت و جـێـمـاوی ناپەسند و بەشـوودانی کچ و ژنهێنانی کوڕ و بەمەبەست نەگەیشتنیدا دەکات: بۆ نموونە ئەمەش چەند بڕگەیەکە لە دەستپێکردنی چیرۆکەکە.. (... لە تەلارە دوو نهۆمەکەی مـاڵی کاکلی حاجی مەحموود، عەشاماتێکی زۆر لە خەڵکی دێیەکە گرد بوونەوە، هەر کـەسـە تەکـانی زۆر دەدا بۆ پێشـەوە و هەوڵی ئەوەی بوو، کـەلـەبەرێک بخاتە قەڵەباڵغیەکەوە، تا خۆی بگەیەنێتە دەستە پیرۆزەکانی مام کوێخا و ماچیان بکات بەهۆی گەڕانەوەیەوە لە ماڵی خوا، بەڵام هەر یەکێک لەوانە بە پێوە بوون هەنگاوێکیان نەدەنا بۆ پێشـەوە، تا شـەش هەنگاویان دەبردنەوە دواوە، لە کاتێکدا کە لێشاوی خـەڵکەکە یەقی ئەدایەوە بۆ پاشـەوە. خۆ بۆنی هەناسە و چەورە دووکەڵی جگەرە و قەندە و سەبیل کە لەگەڵ بۆنی خەڵووزی نەگـەشـاوەی چا لێنان و دووکـەڵی داری تەڕی خـۆشـنەکراوی چێش لێناندا تێکـەڵاو دەبوون، بەمـە زۆربەی خـەڵکەکـە تەنگەنەفـەس دەبوون و ئارەقـیـان

دەرشت، بەڵام کێ گوێی دەدایە خۆی، ئینجا بەهەر لایەکی ماڵەکەدا بتڕوانیایە کەوا سەماوەری وەرشاوی زەرد و سپیی جۆشکراو قۆریەی قاجاری عەجەمی پڕ لە چای لە تەنیشتەوە ڕیز کراوە، سێ چوار زەلامیش هەر تۆزە نە تۆزێک هەڵدەستن سوڕێک دەخۆن بەناو خەڵکەکەدا، گولاوپژێن دەکەن، هەر ئەوەندەش دەزانی لە ناکاو دەنگی بەرز دەبێتەوە، پڕ بەدەم هاوار ئەکا سەیدی عالەم حبیب الصلوات خەڵکەکەش بە جارێک هەموو بۆی ئەسێنێتەوە (اللهم صلی علی سیدنا محمد وعلی اله..).

ئەمە پێشەکییەکەی بوو، ئەگەر توانرا جارێکی تر لە چاپ بدرێتەوە لەلایەن دەزگایەکی ڕۆشنبیری ئەوە زۆر باشە و ئەگەر نەشکرا ئەوا بە (٥-٦) زنجیرە بتوانرێ لە ڕۆژنامەیەکی وەک هاوکاریدا بڵاو بکرێتەوە، بۆ ئەوەی خوێندەواری بەڕێز ئەم چیرۆکە ببینن بزانن شایانی ئەو هەڵسەنگاندنەیە کە مامۆستای گەورە خوا لێخۆشبوو رەفیق حیلمی لەو نامەیەیدا کە کاک مستەفا ساڵح کەریم لە کۆواری (ڕەنگین)ی خۆشەویستدا لە ژمارە (٣٦)دا بڵاوی کردەوە؟ ئاخۆ ئەوە هەڵدەگرێ بە سەنگ و تەرازووی ئەو ڕۆژە واتا چل و دوو ساڵ لەمەوبەر لە ژووری نووسینی مامۆستای هەموو لایەک خوا لێخۆشبوو تۆفیق وەهبی بەگ لە ژوور (گۆمی شڵەقاو)ی کاک موحەڕەم محەمەدئەمین دابنرێت؟ من هەرگیز حەدی ئەوەم نییە لە نووسیندا پێش مامۆستا تۆفیق وەهبی بکەوم، بەڵام ئەو گلەییەی مامۆستا رەفیق حیلمیش لە وەهبی بەگی ئەکات لە جێی خۆیەتی چونکە گلەیی زۆربەی خوێندەواری کورد لە وەهبی بەگ ئەوە بوو، کە پیاوێکی ڕۆشنبیر و مێژووناس و زمانزان و تێگەیشتوو بوو، کەچی بەرهەمی زۆر کەم بوو لە چاو نووسەرانی تری کورددا وەک خوا لێخۆشبووان عەلائەدینی سەجادی و شێخ محەمەدی خاڵ و نووسەرانی تر.

لە کاتی خۆیدا لە ڕۆژنامەی (ژین)دا زۆر خانزادی نرخاند و زۆر کەسیش

ڕەخنەیان لێ گرت یەکێک لەوانەی نرخاندیان (مامۆستا ش، ب) ژمارە ١٣٦١ی ڕۆژی ١٩٥٧/٩/١٩دا شتێکی جوانی نووسیبوو، کە ئەمە هەندێک بڕگەیەتی، لە پێشەکییەکەیدا و ئەڵێت: (باسی مستەفا ساڵح کەریم دەکات لە پێشەکییەکەیدا و دەڵێت: (بەڕاستی چووەتە ناوجەرگەی چیرۆکەکەوە و بەوردی لەسەری دواوە.. ئەوە هانمان ئەدا و پاڵمان پێوە ئەنێ کە نەک جارێ، جارەها بیخوێنینەوە..).

ئینجا دێتە سەر خانزاد و ئەڵێت (خانزاد کە نووسەرەکەی مامۆستا جەمال بابانە ئەڵێم بەڕاستی جێی شانازییە بۆ میللەتی کورد کە گەنجێکی وەکو جەمال بابانی هەیە و دەستی چاکەی کردووە بەلادا و ژیانی تایبەتی خۆی تەرخان کردووە بۆ ژیانەوەی نوسینی چیرۆکی کوردی، چ چەشنە چیرۆکێ، چیرۆکێک کە دەردی کۆمەڵایەتیمان دیاری ئەکات و دەرمانی بۆ دەدۆزێتەوە، چیرۆکێ کە لە ناوجەرگەی کۆمەڵەکەمانایە کە ژەهری دەردەکەی هەموو ساڵێک قوربانیمان پێ ئەدا، دەردێکی ئەوتۆ کە هەزاران ساڵە میللەتی ئێمە کۆت و زنجیر و دەستخەڕۆ کردووە).

دوای ئەوە مامۆستا (ش.ب) خۆشی ئەچێتە ناوجەرگەی چیرۆکەکەوە و دەڵێت: (بەڵێ مامۆستا جەمال بابان چیرۆکی خانزادی پێشکێش بە خوێندەوارانی کوردی خۆشەویست کردووە کە پێشانمان ئەدا کە چۆن کچ وەک مەڕومالآت ئەفرۆشرێت و، چۆن سەروەت و سامانی دنیایی چاومان کوێر ئەکات کە چۆن هەندێ ڕەوشت و خووی کۆن و ناپەسند بنەماڵە ئەڕووخێنێ وەکو تەق و تۆقی شایی کە زۆری ئەگێرێت بە شین و واوەیلا.....).

دوای ئەوە مامۆستای بەڕێز کۆتایی بە نووسینەکەی ئەهێنێت ئەفەرمووێ (... هەتا لەسەری بڕۆم هێشتا کەمە، (لە کاتی خۆیدا لە ڕۆژنامەی ژیندا زۆر کەس خانزادی نرخاند و زۆر کەسیش ڕەخنەیان لێ گرت). بەڵام پێش

ئەوەی کۆتا بە نووسینەکەم بهێنم، پیرۆزباییيەکی گەرم لە هەموو کوردێکی خۆشەویستی دڵسۆز ئەکەم بەوەی کە نووسەر و بوێژە خۆشەویستەکانی کورد گوریان داوەتەوە خۆیان دەستیان کردووە بە بەرهەمهێنانی نووسینی ئەدەبی و کۆمەڵایەتی تاکو بمانگەیەننە ڕیزی میللەتانی تری گێتی. تۆش کاکی خۆشەویست مامۆستا جەمال بابان لە کانگەی دڵمەوە سڵاوێکی گەرمی دڵسۆزانەت لێ ئەکەم هیوام وایە بەردەوام بیت لەسەر نووسینی وا بەنرخ و خزمەتی گەلەکەمان).

جا بۆ ئەوەی خوێندەواری ئازیز وا دەنەزانێ من هەر لەسەر نرخاندن ئەڕۆم و خۆمی پێوە هەڵئەکێشم، ئەوەش ڕائەگەیەنم کە لە کاتی خۆیدا ڕەخنە لە کەموکووڕی و هەندێک هەڵەی خانزاد گیرا، لەلایەن مامۆستایان (خوا لێخۆشبوو شاکر فەتاح، مامۆستا م. هۆشەنگ شەقڵاوە (کاک حەمەبۆری خۆمان، مامۆستا ئەحمەد هەردی خوا لێخۆشبوو مامۆستا قادر قرگەیی، دوکتۆر قادر شاڵی).

یەکەم هەڵە لەو چیرۆکەدا تەمەنی خانزاد بوو کە سەرنجی مامۆستا هەردیی زیاتر ڕاکێشابوو چیرۆکەکە ئەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی (تەمووین) واتا ئازووقە دابەشکردن لەلایەن میرییەوە بە بۆنەی ئاگری شەڕی گێتیی دووەمەوە کە ئەوسا پاڵەوانی چیرۆکەکە (خانزاد) ئافرەتێکی هەرزەکاری تەواو لە هەرەتی گەنجی و جوانیدا بوو، بەڵام لە کۆتاییی چیرۆکەکەدا کە بەمجۆرە هاتووەتەوە ئەڵێت:

.ئێستاش دانیشتوانی دێی هۆمراوا هەموو ڕۆژی هەینییەک سەرلەبەیانی پیرەژنێکی کوێری چەماوە ئەبینن، زەلامێکی ریشسپی دەستی رائەکێشێت و بە کوتەکوت ئەیباتە سەر گۆڕستان، پیرێژن دەمێک ئەگری و ئەلاوێتەوە، دەمێکیش نزا ئەکات و ئەپاڕێتەوە، لە دواییدا هەڵئەسێ بەپەلەکوتێ لەگەڵ چاوساغەکەیدا ئەڕواتەوە ماڵی خۆی، ئەچێتە سەر

بەرماڵ نوێژ ئەکات وێرد ئەخوێنێ، ئەو پیرێژنە کوێرە خانزادە و لەسەر گۆڕی بایزی خۆشەویستی ئەو واوەیلایە ئەکات..) جا بەوەدا کە چیرۆکەکە ساڵی ۱۹۵۷ چاپ کرا، کەوابوو لە ماوەی بەینی شەڕی گەورەی دووەم (۹۳۹-۹٤٥) و (ساڵی چاپکردنی چیرۆکەکە) کە ئەکاتە (۱۷-۱۸) ساڵ خانزاد بەو جۆرە پیر نابێت، وا سەیر بکرێ زۆر تەواوە.

جگە لەوەی زۆر کەس رەخنەیان لەوە بوو ، کە ئەبووایە ئەنجامەکەی بەخۆشی واتا بەیەکگەیشتنی خانزاد و بایز کۆتاییی بهاتایە کەچی وا نەبوو.. منیش لە وەڵامدا وتوومە و دەیڵێمەوە کەوا من کاتی خۆی (ڕۆمیۆ و جولێت)م بە فلیمی دی کە نووسەرەکەی (شێکسپیر)ی شاسواری شانۆنووسانی گێتییە. ئەو هەڵەیەی بوو بە هۆی خۆکوشتن و لەناوبردنی هەردوو دڵدارەکە زۆر کاری لێ کردبووم، لەلای خۆشمان ئەوسا و بگرە ئێستاش و هەرچی ئامانج و هەوڵ و تەقەلای چەند ساڵەی لادێی هەیە زۆرجاری وا هەیە لە پڕێکدا بە شتێکی پووچی بێ سوود و زۆر بە ئاسانی ئەبێ بە هەڵم و ئەچی بە ئاسماندا، واتا بە بای هەوا ئەڕوا) وەک تەقەکردنی لە شاییدا کە لە پڕێکدا خۆشییەکە ئەبێ بە ناخۆشی و شاییەکە ئەبێ بە شین.

کەوابوو ئەنجامەکەی بۆیە وا هاتووەتەوە کە کار لە خەڵکی بکات و وازیان لەو کردەوە زیانگەیێنانە پێ بهێنێ بێگومان چیرۆک نووسینیش بۆچوون و ڕای خۆی هەیە... لە کۆتاییدا، سوپاس و هەزار چەپکە گوڵی ڕازاوە و بۆن خۆش بۆ گۆڕی مامۆستای گەورە ڕەفیق حیلمی خاوەنی (یاداشت)ی بەنرخ کە چڵە پۆپەی نووسینەوەی مێژووی کوردە لە ماوەی ڕاپەڕیندا، خاوەنی (شعر ادبیاتی کوردی)، بەدوو بەرگ کە شیعری (کەڵەشاعیرەکانی کوردی تیا نرخاندووە و رەخنەی لێ گرتوون کەواتە نرخاندنی پیاوێکی وا و بەو جۆرە بۆ خانزاد مایەی شانازی و سەربەرزییە بۆ من.

## ئاوڕێک لە مێژووی دزەیی

(ساڵی (١٩٥٦) مودیری ناحیەی کەندیناوە بووم. خوا لێخۆشبوو حەسەن ئاغای مامی سلێمان ڕەسووڵ ئاغا لە لە دیبەگە دائەنیشت زوو زوو سەری لێ ئەدام، ئەمەی لێرەدا دەینووسم لەوم وەرگرتووە و لە زمانی ئەوەیە بەبێ هیچ دەستکارییەک.

تکا لە برا دزەییەکان[١] ئەکەم ئەگەر مشتی تریان لا هەیە بیخەمە سەری. چونکە تا ئێستا دەتوانم بڵێم ئەم چمکە لە مێژووی عەشرەتێکی گەورەی کورد تاریکە). دزەیی نسبەت بە (دزە)ی گەورە لە گوندی دزەوە هاتووەتە ئەم ناوچەیە و مێژووی هاتنی ئەگەڕێتەوە بۆ پێش زەمانی کۆرە پاشای ڕەواندز[٢].

لەوێوە هاتووەتە (ڕەشوان) بە ڕەحالەیەتی دوای ئەوە چووەتە (قوشتەپە) لەوێ ساکن بووە[٣]. دوای قەرەنیاغا مەحموود ئاغای کوڕی بۆ شەڕ ئاساتەی وەرگرتووە. هەتا ئەم دواییەش مەرکەزیان هەر قوشتەپە بوو. لەوەپێش هەر (رحالە) بوون، بەڵام نزیکەی (١٠٠- ١٥٠) ساڵێک ئەبێ لە (رحالە)یەتی کەوتوون.

دوای مەحموود ئاغا، فارساغای کوڕی رئاسەتی وەرگرت لە زەمانی فارساغادا دووان لە خزمەکانی (حوزێر) و (وەسمان) ئەچن بۆ ناوچەی ڕەواندز لە ڕێ پیاوی پاشا کۆرە ئەیانکوژن، پاشا کۆرەی ڕەواندز بۆ دڵنەواییان ئەنێرێ بۆ لای فارساغا (لە کاتێکدا کە پاشا دوای شەڕەکەی لەگەڵ بابانەکاندا ئەیانشکێنێ و ناو دەرئەکات ئەمەش ساڵی (١٢٤٢ هـ ئەبێت)[٤]. ئەڵێت: ئەگەر ئەمر ئەکات خۆم قاتیلەکانم بۆ ئەنێرم لەوێ

بیانکوژی یاخۆ لێره خۆمان ئەیانکوژین. فارساغا وەڵامی ئەداتەوە ئەڵێت عەرزی پاشا بکەن گوێ نەداتێ دوو سەگ کوژراون. کە ئەم جوابە ئەبەنەوە بۆ پاشا کوّره ئەڵێت: دەنگ مەکەن دزەییم تێک دا. لەسەر ئەم قسەیە ئیسماعیل ئاغا لە فارساغای مامی عاجز ئەبێت و دێتە گوندی (گرد مەلا)، لەوێوە بە دزیی فارساغاوە ئەنێرێت عەشیرەتی (گی) ئەهێنێت و لەگەڵ پیاوی خۆیدا ئەیاننێریتە سەر (دەربەندی گۆمەسپان) و (بانەمان)، بەشەو هەردوو نوقتەکە ئەگرن و چل کەسێکی نەفەر تێدا ئەبێت ئەیانکوژن. کە خەبەر ئەگاتەوە پاشا کوّرەی ڕەواندز گلەیی لە فارساغای ئەکات ئەویش ئەڵێت: من ئاگام لێ نەبووە. ئەڵێت دەباشە بۆ متمانە دوو کوڕی خۆتم بنێرە لا؛ ئەویش جووتێ کوڕی (حوسێن و مارف) بە (رەهینە) ئەنێرێتە لای پاشا، خۆشی بار ئەکات ئەچێتە لای (چەمی دوبز) کە جیاواز بێتەوە لە دزەیی و لە گی . دوای ئەوە لەشکری پاشا کوّره دێتە سەر دزەیی. سمایل ئاغا و کەسوکاری و ئامۆزاکانی بە پیاوەکانیەوە دێنە سەنگەران (نزیک دێی گەڕەسوور) لە شاخی قەرەچوغی بەینی کەندیناوە و مەخموور لەوێ خۆیان قایم ئەکەن. لەشکری پاشا دێتە سەریان. (کایو مەلا) و (عەلی حەسەن – شێخی گی) ئەچن تالان بێنن لەوبەری زێ و وڵاتی مووسڵ، تەسادوف لەشکری پاشای کوّره ئەکەن لەبن مووسڵ نزیک نەینەوا، لە (یارمجە) شەڕێکی باش ئەکەن، گەلێک کەس لە پیاوەکانی پاشا، لە پاشڕا لەناو (حاوی)دا لە گەڕانەوەدا هەردووکیان ئەکوژرێن.

لە قەرەچوغیش شەڕ هەر هەبوو پیاوی پاشا زەفەریان پێ نەبات تاکو لە دواییدا لەبەر بێ زەخیرەیی تەنگەتاو بوون، لە برسا بوونە دوو بەشەوە، بەشێکیان چوونە ناو (شمر) کە ئەمانە ئەولادی حەسەن ئاغا (حوسێن و سلێمان و ڕۆستەم) و ماڵی فارساغاش لە دەم زێی کۆیە مانەوە. تائیفەی سمایل ئاغاش هەستان چوونە کەرکوک لەوێوە بۆ چەمچەماڵ لای حەمە شەریف هەمەوەند[5]. لەوێش نەحەوانەوە چوونە تاسڵوجە لەوێ هەڵیان دا،

ئەمەش لە زەمانی ئەحمەد پاشا[٦]. یاخۆ مەحموود پاشای باباندا بوو. لەوێ مانەوە لەگەڵ پاشای باباندا ڕێک کەوتن، پاشا خەڵاتی کردن و لوتف و مەرحەمەتی دەرهەقیان نواند. ئەسپێکی باشی خەڵاتی رەحمان برا بچکۆلەی ئیسماعیل ئاغا کرد، ئەویش بە سوارییەوە ئەبێت گوایە دەڵێت دانابەزم تا لەشکرم نەدەیتێ بچمە سەر کۆیە کە کۆرە پاشای رەواندز گرتبووی. پاشای بابان لەشکری ئەداتێ و لەگەڵ عەبدوڵڵا بەگی صاحێبقران ئەچن کۆیە داگیر ئەکەن. لە دواییدا رەحمان ئەگەڕێتەوە، دەستی پاشا ماچ ئەکات و داوای ئیزنی لێ ئەکات و ئەچێتەوە وڵاتی دزەیی و دۆستایەتییان لەگەڵ بابانەکاندا دەوام دەکات.

کە پاشا کۆرە لەناو ئەچێت فارساغا لە گوێ زێوە ئەگەڕێتەوە ئەیەوێت بچێت بۆ بەغدا بۆ ئەوەی لەوێ بەهۆی والییەوە برا گەورەیەتی عەشیرەتی دزەیی وەربگرێتەوە. ئەگاتە ئاشی بەردینە یاخۆ (دربکە) نزیک گوندی (رهیمات) شەو لەگەڵ پیاوێکدا ئەچن لەوێ ستار بگرن تا بەیانی لە پڕ فارساغا ئەزیرێنێ و پیادەکەی لەگەڵیدا ئەبێت ڕائەکات، لە دواییدا کە ئەچنە سەری هەندێک جلوبەرگ نەبێت هەتاکو لاشەکەشی نابیننەوە، کەس نەیزانی چی لێ هات. دوو کوڕەکەشی کە وەختی خۆی لای پاشا کۆرە دەستبەسەر بوون، ئەوانیش کە ئەزانن پاشا لەشکری ناردووەتە سەر وەچاغی قەرەنیاغا، لە حەپسخانەوە، خۆیان دەرباز ئەکەن بەڵام لە بەرزییەوە ئەکەونە خوارەوە هەپروون بە هەپروون ئەبن. هەروەها دوای پاشا کۆرە تایەفەی بایزیش لەناو عەرەبەکانی (شمر - لای سفۆک) دێنەوە بۆ قوشتەپە بۆ لای سمایل ئاغا هەر ڕەئیسیان بوو، دوای ئەو کاکەخانی کوڕی بوو بەڕەئیس، دوای کاکەخان رەحمان بوو بەڕەئیس، دوای رەحمان حاجی بایز (گەورەی تایەفەی بایز) دوای ئەویش حاجی فارساغای کوڕی، دوای ئەو حەمەدی حەسەن ئاغا ئەحمەد پاشا، دوای ئەو ئیتر رئاسەتی عمومی کوژایەوە. رەئیسەکانی ئێستا[٧]. هی تایەفەی مام خولە: عەلی مەحموود

کاکەخان و سەلمان ئاغا و حەسەن ئاغان.

تایەفەی بایز: حوسێن مەلا و عەلۆ خورشید

ماڵی پاشا: خدر بەگ ئەحمەد پاشا

ماڵی فارس ئاغا

شەڕی عەشایەری، دزەیی لەگەڵ بلباسەکاندا شەڕیان بووە، بلباسەکان هاتوونە سەر دزەیی و لەپێشدا ئەوان سەرکەوتوون بەڵام لە دواییدا دزەیی هەڵساونەتەوە موفق بوون بەسەریاندا و یەکێک لە سەرۆکەکانیان لێ کوشتوون کە حەمەدئەمینی مامەند ئاغا بووە. هەروەها دزەیی و گەردی بەشەڕ هاتوون لە دەوروبەری ساڵی (١٨٩٥)دا، (وسو) ناو برای مەحموودی کاکەخانی تێدا کوژراوە هەروەها لەگەڵ شێخ بزەینی و (العبید)دا هەرایان بووە، بەڵام ئێستا ئەلحەمدولیلا هیچ ناکۆکییەک نەماوە و هەموو وەک برا بەڕێکوپێکی و خۆشییەوە پێکەوە ئەژین خوا پێمان ڕەوا ببینێ[8] (لێرەدا قسەکانی حەسەناغا تەواو ئەبێت).

لە کتێبی (العشائر الكردية)دا، وەرگێڕانی فوئاد حەمە خورشید دەڵێت پیاوە ناودارەکانی ئەم عەشیرەتە (عەشیرەتی دزەیی)ئەمانەن:

یەکەم: برایمی بایز ئاغا. پیاوێکی بەتەمەن گەورە و قۆزە، ڕەوشتی بەرزە، ڕۆشنبیرێکی وەهایە کە باشترین پێشەوای عەشایەری لێ دەرچێت. هەموو کەس خۆشیان ئەوێت و ڕێزی ئەگرن. لە کاروباری کشتسازیدا شارەزاییی تەواوی هەیە. دەیتوانی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵک لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە، بەڵام ئاغاکانی تر ڕێی نادەن. لەگەڵ ئەوەشدا پیاوێکە لە کاروباری شەڕدا دەستی ئەڕوات و ژمارەیەکی زۆری پیاوی لە دەورە ئەتوانێ لە ڕۆژی خۆیدا بەکاریان بهێنێت.

دووەم: ئەحمەد پاشا: ئەم پیاوە هەر خەریکی کاروباری بازرگانی و پارە کۆکردنەوەیە بە جۆرێک ئەڵێن (ملیۆنێر)ـە.

پارە نفـووسی لەناو عـەشـیـرەتەکـەیدا پێ پەیدا کـردووە، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا پیـاوێکی زیرەک و گورج و گۆڵێکی کـەموێنەیە. ئەڵێن لە کـاروباری مـاڵداری و پارە کۆکردنەوەدا وێنەی نییـە، ئەوەندەش گوێ ناداتە کـاروباری کشسـازی. ئەو بەپێچەوانەی برایم ئاغاوە حەزی لە شەڕوشـۆڕی عەشایەری نییە چونکە کـار ئەکاتە سـەر دەستکەوتی. خـەرج و بـاج ئەدا بـەڵام کوڕەکانی نـاخـاتە شـەڕەوە، ئیـتـر هـەر چۆنێک بێت شـان لە شـانی برایم بـایز ئەدات، ئەگەر کەموکووڕییەک هـەبێت بە پارە ڕاستی ئەکاتەوە.

سـێـیـەم: حـاجی پیـرداود: ئەم پیـاوە دەسـەڵاتی وەک برایمـاغـا و ئەحـمـەد پاشا نییە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نابێ پشتگوێ بخرێت. لە ڕاستیدا پیـاوێکی ڕاستگۆ و قورس و گرانە و ئەوانـەی دەوروپشتی هـەمـوو خۆشیـانی ئەوێت و دەستی بەسـەر دێهاتێکی زۆردا ئەڕوات.

ئەو کـتـێـبـە[٩] هـەندێ شـتـی تری تێـدایە لە بابـەت عـەشـیـرەتی دزەیی و عەشیـرەتەکانی ترەوە، ئەوەی ئەیەوێ بیخوێنێتەوە هـەر چۆنێک بێت سـوودی هـەر هـەیە.

* پەراوێزەکان:

١. لێرەدا مەبەست ئاغاکانی دزەییە کە لە قەرەنیاغاوە دەستی پێ ئەکات.

٢. کۆرە پاشـا، یاخۆ حەمـە پاشـا، یاخۆ میری گەورە سـاڵی ١١٩٨ کۆچی (١٧٨٣) زاین لە شـاری ڕەواندز لەدایک بـووە. بەناوبانگـترین مـیـرێکی کـورد بووە لە قـەڵەمڕەوی خـۆیدا. سـاڵی (١٢٥٣ کـۆچی- ١٨٣٨) زاینی عـوسـمـانییـەکان لە شـاری (ترابزون) کوشتیان. سـەیری (مشـاهیر الکرد وکردستان) جزمی دووەم لاپەڕە (١٤٧- ١٤٨) بکە.

٣. بەم حیسابە قەرەنیاغا ئەبێ لە دەوروبەری سـاڵی ١٧٥٠ زاین.

٤. ئەوەی حەسـەناغا ئەڵێت، هـەندێکی تەواوە و ئەوی تری ناتەواوە.

مـیری گـەورە کـە هێزی پـەیدا کرد. هـات بەرەو هـەولێر داگـیری کرد، شـۆڕشـی

دزەییەکانی دامرکانەوە، ئینجا بەرەو ئاڵتوون کۆپری و کۆیە و رانیە کشا تا گەیشتە سەری زێی کۆیە کە کردی بە سنووری بەینی خۆی و بابانەکان. والیی بەغدا (عەلی ڕەزا شا کە دوای داود پاشا هات).

ناچار دانی پێدا نا و پلەی پاشایەتیی پێ بەخشی. میر نەوەستا ساڵی (١٢٤٩) کۆچی بەرەو عەقرە و عەمادیە کشا و سەعید پاشای میری بادینانی بەدیل گرت. دوای ئەوە ملی نا بەرەو (بەعشیقە) و (جزیرەی ابن عمر) و (نصیبین) و (ماردین) هەمووی داگیر کردن.

عوسمانییەکان لەمە ترسان. سوڵتان بەسەرکردایەتیی (صدری اعظم محمد رشید پاشا) لەوێوە هێزێکی ڕێک خست، لەملاشەوە عەلی رەزا پاشای والیی بەغدا بە هێزێکەوە هەردوو بۆی هاتن، بەڵام پاشای کۆرە کشایەوە بۆ گەلی عەلی بەگ لەوێ خۆی قایم کرد. لەشکری عوسمانی هیچی بۆ نەکرا . ئینجا وەک هەموو دەستبڕینێکی تر کە عوسمانییەکان ئەیانکرد، هانایان بردە بەر مەلا، مەلای خەتێ کە (فتوای)دا هەر کەسێک دەس لە لەشکری خەلیفەی ئیسلام بکاتەوە تەڵاقی ئەکەوێ. بەمجۆرە لەشکری پاشا هەریەکە بەلایەکدا بڵاوەی لێ کرد، پاشای نەگبەتیش ناچار خۆی دا بەدەست (صدر اعظم)ـەوە بردی بۆ ئەستەمبوڵ لەوێ لێی خۆش بوو، ئەویش ویستی بگەڕێتەوە بۆ رەواندز، بەڵام (عەلی رەزا پاشای والی بە گەڕانەوەی قایل نەبوو، بۆیە یەکێکیان نارد، دوای میر محەمەد کەوت تاڵە (ترابزن) لە ساڵی (١٢٥٣) کۆچیدا کوشتیان (سەرچاوەی پێشوو).

لە (تأريخ السليمانيه وانحائها- لاپەرە ١٥٢) ئەمین زەکی بەگ ئەفەرمووێ داود پاشای والیی بەغدا بەراتی خەرج و باجی عەشیرەتی دزەییی بەرەو ڕووی مەحموود پاشای بابان کردبووەوە، هەر لەسەر ئەمە مەحموود پاشای بابان لە ساڵی ١٢٤٢ کۆچیدا لەگەڵ فارساغای دزەییدا تێک چوو. بەڵام لە ئەنجامدا مەحموود پاشا شکا و گەڕایەوە...

٥. لای خۆمان ناوبانگی بە شەریف هەمەوەند دەرکردووە لە دەوروبەری ساڵی ١٢٥٢ی کۆچیدا سەرۆکی عەشیرەتی هەمەوەند بووە. وای لە قەڵەم دا کە کوڕی ئەورەحمان پاشای بابانە و جێنشینیەتی. پیاوێکی رەق و ئازا و ترس

له جەرگیدا نەبوو، بەهەزار سوارێکەوە شەڕی لەگەڵ سەرتاشی بانگ کردووە وتی: ئەم سەرە پاک بتاشە، سبەینێ یا ئەبێ بە ژێر تاجی پاشاییە، یا ئەبین بەسەر ڕمەوە.

چۆن نوقلانەی بۆ خۆی لێ دا وەها دەرچوو. ڕۆژی دوایی لە شەڕدا سەریان پەڕاند و کردیان بەسەر گاسنی ڕمەوە (تاریخ السلیمانیة وانحائها. لاپەڕە ١٥٧).

ئەوەندەی من بیزانم ئەوڕەحمان پاشای بابان پیاوێکی گەلێک بە دین و لە خواترس بووە جگە لەوەی بە (تعبیر)ی ئەو ڕۆژانەی دوازدە عیلم بووە و دەرسی بە مەلا و فەقێکان وتووە، جگە لەوەی کە فەرمانڕەوا بووە. لە هیچ سەرچاوەیەکی تر نەبیستراوە کە ئەوڕەحمان پاشا ژنی هەبووبێت ناوی (ڕەندانە) بووبێت کە دایکی شەریف هەمەوەندە، گوایە سکی پڕ کردووە ئینجا مارەی کردووە کە من ئەم کردەوەیە بەدوور دەزانم لە ئەوڕەحمان پاشاوە.

٦. بەگوێرەی (تسلسل احداث) بەڕای من ئەحمەد پاشای دوا میری بابانە کە لە ساڵی ١٢٥٤ کۆچیدا بوو بەمیری سلێمانی.

٧. مەبەستی ساڵی ١٩٥٦ کە ئەم مێژووەی تێدا نووسراوەتەوە لە کاتێکدا حەسەن ئاغا ئەوسا کە خۆی تەمەنی (٦٥) ساڵ زیاتر بوو.

٨. حەسەن ئاغا شەجەرەیەکی دوور و درێژی ئاغاکانی دزەیی پێ وتم کە نووسیومەتەوە. بەڵام وا ئەزانم هەندێک ڕاستکردنەوەی ئەوێت، ئەویش خوا بیکات لە کاتی خۆیدا ئەیگەیەنم بە شوێنی خۆی.

٩. ئەم کتێبە لە ڕاستیدا (تقریری استخباراتی- بەریتانیا)یە لە دەستپێکردنی ساڵەکانی بیستدا نووسراوەتەوە، هێجگار بۆ ئەوەی پێوەندی ئەو عەشایەرانە بە شێخ مەحموودی حەفیدەوە ڕوون کەنەوە، بۆ کاتی دەست وەشاندنی خۆیان.

## مێژووی لە بیرنەچوو

## وڵاتی سلێمانی و شەڕەکەی ڕەشید عالی گەیلانی

ساڵی ١٩٤١ لە جووڵانەوەی مایسی ئەو ساڵەدا کە بە (شەڕەکەی ڕەشید عالی) ناوبانگی دەرکردووە، من قوتابیی شەشی سەرەتایی بووم و تاقیکردنەوەی وەزاری (بکلوریا)مان ئەدا، ئەو ساڵە چونکە شەڕەکەمان دژی ئینگلیز بوو، لەبەر ئەوە لە تاقیکردنەوەی بەکەلۆریدا، ئینگلیزی لابرا، ئێمەش گەلێکمان پێ خۆشبوو، چونکە ئەرکێکی قورس لەسەر شانمان لاچوو، بەتایبەتی جەژنی ئەو کەسانە بوو کە لە ئینگلیزیدا کۆڵ بوون.

ئەوساکە وەک بیرم دێ (حوسێن فەوزی پاشا) موتەسەڕیفی سلێمانی بوو. ڕۆژێک سەرلەبەیانی لە قوتابخانە کۆیان کردینەوە بەڕێوەبەری قوتابخانە (کەمالەدین داود)ی ناو بوو، ئەویش لەوەی ئەکرد خزمی موتەسەڕیف بێت.

کەمالەدین وتەیەکی گەرموگوڕی دا، دژی ئینگلیزی داگیرکەر و دوور و درێژ لە جووڵانەوەکە و سەرکردەکانی کە ڕەشید عالی و چوار ئەفسەرەکە بوون دوا، ئینجا وتی: ئێستا ئەچین بۆ ناو شار لە مزگەوتی گەورە موتەسەڕیف لەم بابەتەوە قسە ئەکات. ئەمەی وت ئیتر بە مەشق بەرەو مزگەوتی گەورە ڕۆیشتین، سەیرمان کرد عەشاماتێکی زۆر لەو ناوەدا کۆ بوونەتەوە، ئێمەش لە شوێنی (تربیە)ی ئێستا، بەرامبەر مزگەوتی گەورە چووینە سەربان لەوێ دانیشتین. بەر مزگەوت سیخناخ یەکێکی تری نەئەگرت، عەسکەر و بەڕیز باندی مۆسیقاکەیان بەو ناوەدا نمایشیان

ئەکرد، ئەوسا (مکبرة)ی دەنگ نەبوو، کە کۆبوونەوەیەکی وەها بووبووایە بە بوریە سندووقی قەوان یا شتێک لەو بابەتە قسەیان ئەکرد.

موتەسەڕیف قسەی کرد. لە نیوەی قسەدا بوو، ئەوەندەم نەزانی ئەو سەربانەی ئێمەی لەسەر بوو ئاگری گرت، ئیتر کەس هۆشی لای وتەی موتەسەڕیف نەما و هەریەکە بەلایەکدا بازمان دایە خوارەوە، تا ئاگر کوژایەوە.

گەلێک کەس لەو کۆبوونەوەیەدا قسەیان کرد، ئەوەی من لە بیرم بێت، (امر حامیه) و (کمال الدین داود) و لە پیاوە ئاینییەکان خوا لێخۆشبوو مەلا مستەفا حاجی مەلا رەسووڵ بوو کە خەڵکەکەی زیاتر هەژاند ئیتر خۆقەیدکردن دەستی پێ کرد، بۆ چوونە (غەزا) دژی ئینگلیزی کافر. وا بزانم (امر حامیة توفیق ارکان) و (امر فوج محمد عەلی کوردی) بوون.

وەک بیرم بێت (چونکە وا نزیکەی ٤٧ ساڵی بەسەردا تێپەڕی) دوو ئافرەت (تطوع)یان کردبوو لە ریزی سەربازەکاندا، یەکێکیان حاجی عەتیەی ناو بوو، ژنێکی سوروسپی چاوشینی تێکسمڕا بوو، ئەوسا تەمەنی پەنجا ساڵ ئەبوو، دەموچاوی چرچ و لۆچی تێ کەوتبوو، ئەوی تریان ئامە ئێرانی ناو بوو ئەمەیان ژنی کابرایەکی نانەوا بوو تەڵاقی دابوو، بەرەڵڵای کردبوو، ئەمیان ئافرەتێکی جوانکیلە بوو. ئەم دووانە بەرگی سەربازییان لەبەر کرابوو، لام وایە حاجی عەتیە نائب عەریف و دوو خەت بوو.. ئەم ئافرەتانەیان بە شار و دێهاتەکانی سەر بە وڵاتی سلێمانیدا ئەگێڕا تا هەستی خەڵک ببزوێنن و بێنە ڕیزی سەربازییەوە بۆ پارێزگاری لە وڵات، بەراستیش ئەمانەش کەم یا زۆر کاریان کردە سەر خەڵکەکە و گەلێک کەس ناوی خۆیان تۆمار کرد بۆ غەزا.

لە قوتابخانەکەماندا، دەستە یاخۆ تیپی ڕزگارکەر و یارمەتی دامەزرا واتا (فرق الانقال والاسعاف) بۆ ئەوەی ئەگەر فڕۆکە هات بۆردمانی کرد و خەڵک

بریندار بوون، یاخۆ ئاگر کەوتەوە، ئەم قوتابییە فریای یارمەتی و کوژانەوە بکەون، دەسا وەک من لە بیرم بێت یەک جار فرۆکە هاتە سەر سلێمانی ئەویش بەیاننامەی بەناوی (عبدالالە)وە فڕێ دا دژی حکوومەتی ڕەشید عالی.

دوای ئەوە ئەوەندەی نەبرد (واتا ئەم جووڵانەوەیە هەمووی دوو مانگی خایاند) دوای ئەوە ئینگلیز و (عەبدالالە) هاتنەوە و دەستیان گرتەوە بەسەر باری وڵاتدا تاکو لە شۆڕشی چواردەی تەمووزی ساڵی ١٩٥٨، هەتاهەتایە دوور خرانەوە و بارودۆخێکی تر هاتە کایەوە.

## تۆزێکیش کۆن به یادکردن
## بانگهێشتنی هەندێک قوتابی بۆ بەغدا له ساڵی ١٩٤٥دا

ساڵ، ساڵی ١٩٤٥ بوو، ئەو ساڵەی که شەڕی گێتیی دووەمی تیا بەکۆتا هات به ملشکانی هیتلەر و فاشیستەکانی هاوڕێی که ناویان تووڕ درایه سەره نوێلکی مێژووەوە هەتاهەتایه، جیهان لەوەدا بوو پشوویەکی پیا بێتەوە و پشت له شەڕ و شەڕ فرۆشتن بکات و گەلان و میللەتان هەناسەیەکی ئازادی هەڵمژن، ئا لەو ساڵەدا بوو له قوتابخانەی (سانەویی سلێمانی)، دەنگ بڵاو بووەوە وتیان پانزه قوتابی له سلێمانی و پازده له کەرکووک و ئەوەندەش له هەولێر، له پشووی نیوەی ساڵدا ئەبرێن بۆ بەغدا، یەکێک ئەیووت ئەمه به بۆنەی سەرکەوتنی سوێندخۆرەکانەوەیه و یەکێک ئەیووت بۆ مەبەستی سیاسیی تره، هەر کەسه قسەیەکی ئەکرد و، هەر قوتابییەک به ئارەزووی خۆی ڕەملی لێ ئەدا، ئینجا قسه هاته سەر ئەوەی ئاخۆ ئەم پازده کەسه چۆن هەڵئەبژێرێن.. یەکێک ئەیوت باوکم خۆ هێشتا شەڕ به تەواوەتی نەبڕاوەتەوە بۆیه کەس پێ نایەته بەغدا، ئەوەی بیشیبەن ئەبێ زیرەکەکان، یەکەم و دووەم بێت، یاخۆ لەشولاری بۆ وەرزش ڕێکوپێک بێت یاخۆ هونەرمەند بێت.

ئەم مقۆمقۆیه لەپێش تاقیکردنەوەی نیوەی ساڵەوە به مانگێک دەستی پێ کرد، من ئەوسا له پۆلی چوار بووم و قوتابییەکانی ڕیزی پێشەوە بووم له کۆشش و خوێندندا و مامۆستایان خۆشیان ئەویستم، بۆ خۆئامادەکردن بۆ تاقیکردنەوەی نیوەی ساڵ، ئەوەندەی تر گوڕم دایه خۆم تێ کۆشام، خوای من و تۆ کردی له نیوەی ساڵدا به دووەم دەرچووم، دوای ئەوەی ئەنجام بڵاو

کرایەوە و (نمرە) وەرگیرا، بە (٣) ڕۆژیش لیستەی قوتابیان کە ئەچن بۆ بەغدا، هەڵواسرا، یەکێکیان من بووم، ئەوانی تر وەک لە بیرم بن: کاک عەلی ئەحمەد تەها و کاک عومەری حاجی مەلا خالید و عومەری حاجی فەتاحی حەڵواچی و خوا لێخۆشبوو (روبێن ئۆفیک ئوسکانیان لە عودەکەی) و (مەحموود محەمەد قادر و خوا لێخۆشبوو ئەحمەدی برای بەهۆی دەنگخۆشیانەوە) و ئەوانی ترم لە بیر نەماوە.

بەڕێوەبەری قوتابخانەکەمان ئەوسا (ودیع فتح الله میرزا) بوو، لە دیانەکانی مووسڵ بوو، بەڵام خۆی مامۆستایەکی زۆر زیرەک و (أداري) بوو، لە جێی خۆیدا پەتی ئیدارەی توند ئەکردەوە و لە کاتی تریشدا شلی ئەکردەوە، قوتابی ڕێزیان ئەگرت و لێشی ئەترسان. مامۆستای وەرزیش خوا لێخۆشبوو (ساڵح عەلی) بوو، کە بە ڕاستی پیاوێکی بەڕێز و دڵسۆز و خۆشەویست بوو لەناو قوتابیاندا. ئەم دووانە پێش ڕۆیشتنمان بە ڕۆژێک کۆیان کردینەوە، گەلێک ئامۆژگاریی باوکانە و دڵسۆزانەیان کردین وتیان: ئەبێ ڕەوشتتان بەرز بێ و کردەوەتان جوان بێ و نموونەی قوتابیی وڵات بن و ئەوەی سەرکێشی بکات و پێ زیاد ڕاکێشێت، کە گەڕایەوە حسابێکی قورسی لەگەڵ ئەکرێت.

بەمجۆرە بڵاوەیان پێ کردین، کە بۆ سبەینێ ڕۆژی پێنجشەمم (٨) شوبات سەرلەبەیانی هەر کەسە بە خۆی و جانتایەوە لەبەر قوتابخانەدا کۆ ببینەوە و لەوێوە بڕۆین.

بەڕاستی ئەو شەوە لە خۆشیاندا خەوم لێ نەکەوت، چونکە تا ئەو تەمەنە بەغدام نەدیبوو، خەیاڵم بەملا و لادا ئەڕۆیشت، هەر لێکم ئەدایەوە، ئاخۆ چی ببینم و کێ ببینم، هەستام دەستم کرد بە وتودانی جلەکانم و بۆیاخکردنی قۆندەرەکانم... ئەو شەوە نەمهێشت یەک کەس لەو ماڵەدا بنوێت. بەیانی زوو هەڵسام جانتام خستە عەرەبانەکەی (عومەرە سوور)ـەوە

و بەرەو قوتابخانە ولآخی عەرەبانە دەستیان کرد بە لۆقە، ئینجا چوار ناڵە..
زۆری پێ نەچوو هەموو گرد بووینەوە، مامۆستا ساڵح عەلی خۆی لەگەڵمان هات و لێپرسراومان بوو، پاسێکی تەختەی شەق و شەڕ بە تەقەتەق هات و لەبەر قوتابخانەدا[١] وەستا، هەریەکە جانتای خۆی فڕێ دایە سەرەکەی و چووین دوعاخوازیمان لە مام ڕەحیم کرد و[٢] ساڵحە فەنی چووە پێشەوە دانیشت و ئێمەش لە خانەکانی دواوە دانیشتین.

پاسی چی؟ لە هەر یەکێک لە خانەکانی دواوە دوو تەختەی درێژ و ڕەق و تەق بێ دۆشەک و بێ بەرگ قایم کرابوون، گوایە ئەمانە (کوشن) بوون. سێ چوار تایەی سواو فڕێ درابوونە سەر بانەکەی، گوایە ئەمانە یەک بوون... ئێمە گوێمان نەئەدایە و وامان ئەزانی سواری (سوپەرساڵۆن) بووین، ڕێک کەوتین، چەند قوتابییەکی زیادیش لەگەڵمان هاتن بەڵام ئەوان لەسەر حسابی خۆیان. هەر کەسە لە دانیشتندا قاچی چووە ناوگەڵی بەرامبەرەکەیەوە، دەرگەکە، زمانەی دەسکەکەی سوا بوو، لەبەر ئەوە ئەویشمان بە پەڕۆ بەست و شاگردی شۆفێرەکە لە سەرەوە لەوبەر سەرمایە خۆی مەڵاس دا و پاس کەوتە جووڵە و ئێمەش دەستمان کرد بە سروود وتن:

ئەی وەتەن چەند خۆشەویستی ـ ڕۆحی شیرینی منی، شاخی
ڕەنگاوڕەنگی وێژە باعیسی کەیف و سروور- هەردەمە ڕەنگێک
ئەپۆشی، گاه سپی، گاه سەوزە سوور کوردستان، کوردستان،
نیشتمانی جوان، هەر بژی بە شادی سەربەستی و ئازادی.

لەم بابەتە ئەوی دەمانوت نەماندەوتەوە، ئەوەندە زۆر بوون، ئێمە لەم کەیف و خۆشییەدا، پاسیش هەر چەند تاسەیەکی بکردایە، کە ئەوسا تاسەی ڕێگە زۆر زۆر بوو، هەریەکە ئەچووە باوەشی بەرامبەرەکەی و ئەگەڕایەوە شوێنی خۆی، ئەتوت لە جۆلانەداین، ڕۆیشتین نەگەیشتینە تاسڵوجە، مەکینەی پاس کەوتە دڵەکوتێ و شاگرد دابەزی، میکوتیکی تەختەی بە دەستەوە بوو، هەر

پاسـەکە بـوەسـتـایە، ئەیدایە ژێر تایەی دواوە، بـۆ ئەوەی نەگەڕێتـەوە، قـوتابی دابەزین بە پاڵ پاسمـان سەرخست. بەڵام لە سەربەرەوخـوارەکەدا پیرە پاس باڵی لـێ پەیدا بوو، ئەوەنـدەم نەزانی شـەقـەیەکی لێـوە هات بـەقـەدەر تـۆپێک دەنگـی هات، تومــەز ئەمــە تایەی تەقـی، نەخـێـر قـوتابی لەوەش وروەکـان، ئەوەنـدەی نەبرد تـایە گـۆڕدرا لێـخـوڕ هاژوای ڕۆیشـتـین تا گـەیشـتـینە چایخـانـەکـەی تەیناڵ، لەوێ پشـوویەکمـان دا و چاو ئەوی نانـی نەخواردبوو بەرچایی لەگـەڵ خـوارد و کـەوتینـەوە ڕێ، دووجـار تایـەمـان پەنچـەر بوو، بێـجگە لە تەقـیـوەکـە، بەمـجـۆرە تا گـەیشـتـینە لای (کـوێرەکـە)[٣]ی نزیک کەرکـووک، لەوێ پاسـەکە ڕاوەسـتـا و هـەریەکـەمـان یەک دوعـانە، زۆر زۆر دە فلسـیـان ئەکـردە دەسـتـیـیـەوە، ئەویش بـە دەنەک بەرێوە ئەچوو، بگرە دەوڵەمەندیش بووبوو.

ئێمە لە بەیـانییـەوە کەوتـووینە ڕێ، ئێوارە تاریکی کردبوو، کە گەیشتینە کـەرکـووک لەوێ لە ئوتێل (شـمس) کـە خـاوەنـەکـەی (عـەلـی بەگ) بوو، لەوێ دابەزین بەڵام لەبەرئەوەی مـاندووی ڕێگە و برسـیـمـان بوو، هاتینە خـوارەوە، لە (مطعم شمس) نانێکی باشمان خوارد، دوای ئەوە چووینە سینەما، دوای ئەوە گەڕاینەوە ئوتێل بەڵام ئەو شەوە لەبەر کێچ و ئەسپێ و پیسیی ئوتێلەکە خەومان لێ نەکەوت، بۆ سبەینێ بە شەمەندەفەر لەگەڵ قوتابیانی کەرکووک و هەولێـردا چووین بۆ بەغدا و، یەکسـەر بردیانین لە (کـسـرە) لە (مـعـهـد تربیــەی بدنیــە) کــە بـەرامــبــەر (بلاط ملکی) بوو لـەوێ دایان بەزانـین، ئەو دانشگایە بەشـی (داخلی)ی تێدا بوو، قـوتابییەکان بۆ پشـووی نیـوەی سـاڵ هـەر کـەسە ڕۆیشتـبووە مـاڵی خۆی، کـەسـی لێ نەمابوو، بەڕاسـتـی جێگـەمان لەوێ گــەلێک پـاک و تـەمـیــز و خــواردنمان زۆر ڕێکوپێک بوو، واتـا لـەوێ مــاندوویەتیـمــان حــەســایەوە، ئەوەی ســەرەوکــاری هــاتنی ئێــمــەی ئەکـرد، مامۆسـتا (عبدالرزاق هلالي) بوو، کە بەڕاسـتـی پیاوێکی زیرەک و قسـەخۆش و ڕووخـۆش و بە خـزمـەت بـوو، بەرنـامـەیەکی خـۆشـی بۆ دانـابووین بۆ ئەو دە

ڕۆژەی کە لەوێ ماینەوە.

ئەو شوێنانەی چووین: بۆ (متحف القصر العباسي) و (اسالەی ئاو) و(ئێستگەی کوردی– اذاعة) و (ئاهەنگێک لە دار المعلمين عالي) و (مرکز تلفونی اوتوماتیکی) و (معهدي ثقافي بريطاني) بوو. بەڵام لە هەمووی گرینگتر چوار جێگەی تر بوون، کە هەر چواریان کارێکی زۆریان تێ کردین و ئێستاش من لە بەرچاومن.

ئەمین زەکی بەگ خوا لێی خۆش بێت، ئەوسا کە بەدەست نەخۆشیی "گۆچ و ئیفلیجبوونەوە" ئەتلایەوە، ماڵیان لە (عیواضیە) بوو، ساڵح ئەفەندی زۆری لە کەس نەکرد، وتی ئەوی حەز ئەکات بێت بچین بۆ زیارەتی بەیانی ڕۆژی (١٩٤٥/٢/١٦) ڕۆژی هەینی بوو دە پازدە کەسێک چووینە خزمەتی، کە ئێمە چووین مەلایەکی سەرسپیی لێ بوو، وتیان ئەمە مامۆستا عەلائەدین سەجادییە، ئەمین زەکی بەگ بەو نەخۆشییە ئەوەندە ڕووی داینێ و بە گەرمی بەخێرهاتنی کردین و ئامۆژگاریی کردین کە بخوێنین و تەنیا بە خوێندن خۆشمان و میللەتەکەشمان پێش ئەکەوێ، قسەکانی زۆر کاری لێ کردین و دەماری گرتین سروودێکی نیشتمانیمان بۆ وت، ئەویش خوڕخوڕ ئاو بەچاوەکانیدا هاتە خوارەوە و گەلێک لە خوای گەورە پاڕایەوە کە هەموومان سەرنجا و پێشمان بخات.

هەر بۆ نزیک عەسری ئەو ڕۆژە چووین بۆ (یانەی سەرکەوتنی کوردان – نادي الارتقا° الكردي)، زۆر لە پیاوە گەورەکانی کوردیش بە بۆنەی ئێمەوە بانگ کرابوون.

ئاهەنگێکی قسەکردن و ووتەدان، هەڵپەڕکێ و گۆرانی وتن کرا، بە کامێرا گەلێک وێنە گیرا، دەمار کرژ بووبوو، دەست کرا بە (با بژی – هەر بژی)، سروودی نیشتمانی بە کوڵ وترا، ئەوەندەی تر خەڵکەکە دەمار گرتنی، خوا لێخۆشبوو تۆفیق وەهبی لەوێ بوو ئەوسا وەزیر بوو بەڵام وەزیری (معارف)

وەک بیرم بێت (دکتور ابراهیم عاكف الالوسي) بوو، تۆفیق وەهبی بەگ پێی ڕاگەیاندین کە بۆ دووسبەی ڕۆژی یەکشەم (١٨- شوبات عەسر لای ئەو لە ماڵەوە دەعوەتین، بەڵام لەوە گرینگتر ئەوە بوو، ئەو شەوەی کە لە ئاهەنگی (دار المعلمین عالی) بووین، (وصی) ئەمیر عەبدولئیلا هاتبوو، ئێمەش بە گۆرانی و هەڵپەڕکێ و یاری تر گەلێک چووین بە دڵیدا، ئەبووایە بۆ ڕۆژی دواییی تریش بڕۆیشتینایەوە، بەڵام (وصی) بە عەبدوڕەزاق هیلالی وتبوو کە سبەینێ عەسر لای ئەو میوانین. لە ڕاستیدا من ئەو شەوە خەوم لێ زڕایەوە، هەر بیرم ئەکردەوە ئاخۆ شوێن و ماڵی ئەم پیاوە کۆشکەکەی چۆن بێت و لە چی دروست کرابێت!

ئیتر لە ڕۆژی دواییدا، دوای نیوەڕۆ پای گەورە هات بە شوێنماندا و وەزیرەکان و عەبدوڕەزاق هیلالی و مامۆستایان لە (قصر الرحاب) کۆ بووینەوە، (وەصی) پێشوازییەکی گەرمی کردین و ئەوەندەمان نەزانی (مەلیک فەیسەڵی دووەم)یش کە ئەوسا منداڵ بوو، هات بۆماندا.... لە چەپڵە و گۆرانی دەستی پێ کرد بە عودەکەی روبین ئوفیکەوە بە ڕاستی زۆریان پێ خۆشبوو، بەڵام ئەوەی من بیرم لێ ئەکردەوە (قصر الرحاب) بەو جۆرە دەرنەچوو ، ڕاستە شوێنەکەی باخ و باخاتێکی گەورە و فراوان بوو، بەڵام ژوورەکانی شتێکی ئەوتۆیان تیا نەبوو کە سەرنج ڕاکێشن تەنیا ئەوە نەبێت کە ئەرزەکەی بە تەختە داپۆشرابوو، سەر ئەوەش تاکە تاکە فەرشی گەورە گەورەی جوان داخرابوون. دوای تەواوبوونی ئاهەنگەکە، یەکە یەکە تەوقەمان لەگەڵ مەلیک و خاڵیدا کرد و گەڕاینەوە بۆ (معهد) بۆ ڕۆژی دوایی نۆرەی ئاهەنگەکەی ماڵی تۆفیق وەهبی بوو، کە ئەوسا ماڵیان لە وەزیریە و بە تەواوەتی نزیک (دار المعلمین عالی) بوو، هەرچەند زستان بوو، بەڵام عەسرێکی هەتاو و خۆش بوو بەرهەیوانێکی گەورەیان هەبوو کە جێی ئەو هەموو خەڵکەی تیا بووەوە کە سەد و پەنجا کەس زیاتر ئەبووین، ئەمین زەکی بەگیش تەشریفی هێنابوو، بەڵام بە بەتانییەک لە هەیوانەکە شان و ملی

داپۆشرابوو، جگە لەو ماجد مستەفا، جەمال بابان، عەلائەدین سەجادی، محەمەد بریفکانی و گەلێک پیاوی تری کورد لەوێ بوون، لە هونەرمەندانیش وەک بیرەم بێت لە ژندا فەوزیە محەمەد و دوو سێیەکی تر، جگە لە پیاوی دەنگخۆش.. باخچەکەشیان گەورە و فراوان بوو، بەراستی کرا بە بەزمی گۆرانی و هەڵپەرکێیەکی کە ئێمەی گەنج و خوێنگەرم زۆرمان پێ خۆشبوو، بە تەنیاش لەناو ئەو هەموو قوتابیانەدا من جلی کوردیم لەگەڵ خۆمدا بردبوو، ئەو ڕۆژە لەبەرم کردبوو، بۆیە زیاتر دیار بووم و ئافەرەت ئەهاتنە دەستەوە بۆ هەڵپەڕین، منیش ئەوەندەی تر دەمار ئەیگرتم، بەڵام گوڵی ئاهەنگەکە هەر کاک مەحموود محەمەد قادر و خوا لێخۆشبوو ئەحمەدی برای بوون، بەو دەنگە خۆشەیان مەلیان بە ئاسمانەوە ڕائەگرت. مێزی ڕازاوەی ماڵی تۆفیق وەهبی بەگ جۆرێ هیچ شوێنێکی تر نەبوو، ئەوەندە شتی لەسەر بوو، کە ئێستا و ئەوساش مێزی وا ڕازاوەم نەدی و نەدییەوە.

بەمجۆرە ڕۆژمان گەیاندە بە ١٨ی شوباتی ١٩٤٥، ئیتر لە ئاهەنگەکە گەڕاینەوە، هەر ئەو ئێوارەیە لەوێوە چووینەوە بۆ (معهد) شتومەکمان کۆ کردەوە و یەکسەر بۆ ئێستگەی شەمەندەفەر، بەڕاستی خەڵکێکی زۆر هاتن بۆ ئیستگە بۆ ڕەوانەکردنمان، بە تایبەتی کوردەکانی بەغدا و بۆ بەیانی لە کەرکووک لەگەڵ قوتابییەکانی تردا جیا بووینەوە. منیش بە کوڵ دەست و مۆچم لەگەڵ کاک (بلال) کرد، کە قوتابییەکی هەولێری بوو، لەو گەشتەدا بوو بووین بە برا ئینجا ئەوانی تر.

بەڕاستی ئەم گەشتە بوو بەهۆی ئەوەی چاومان بکرێتەوە و بتوانین کەمێک بەرپێی خۆمان ببینین، یەکتری بناسین زۆر شوێن و شوێنی مێژوویین و پیرۆز و پیاوی گەورە ببینین، ئەو پیاوانەی کە هەریەکە لەلایەن خۆیەوە و بە قەدەر خۆی ئامۆژگارییان کردین و ڕێگەی پاشەڕۆژمانیان لە بەرچاو ڕوون کردینەوە، ئەمە جگە لە مامۆستا ساڵح عەلی کە وەک باوکێکی خۆشەویست

و دڵسۆز لەگەڵمان ئەجووڵایەوە و نەیدەهێشت کەس لە کەس بکەوێ.

هەزار چەپکە گوڵی بۆنخۆش بۆ سەر گۆڕی ئەو پیاوانەی باسمان کردن و هەزار ئەوەندەش ڕەحمەت بۆ گیانیان ئەوانەی فەرمانی یەزدانیان بەجێ هێناوە، داوای تەندروستی و بێ وەیش بۆ زیندووەکان ئەکەم.

* پەڕاوێزەکان:

١. ئەوسا قوتابخانە – لە سەرەوە بوو، لای نەخۆشخانەی کۆنەوە، پشتەوەی هەموو دەشت بوو، وەک ئێستا پڕ نەبووبووەوە بە خانوو کە گەیشتووەتە دامێنی گۆیژە و ئەزمڕ.

٢. مام ڕەحیم یاخۆ ڕەحیم کۆڵەیی باوکی مامۆستا عەبدوڕەحیمی نووسەرە مام ڕەحیم پیاوێکی نەختێک خێل و سمێڵێکی ڕەشی قیتی پێوە بوو، بەڵام ڕێزی خۆی زۆر ئەگرت چ لەگەڵ مامۆستایان و چ لەگەڵ قوتابیدا من خۆم زۆرم خۆش ئەویست. هەمو بەیانییەک کە ئەچووم بۆ قوتابخانە (ڕۆژباش) تازە داهاتبوو. ڕۆژباشم لێ ئەکرد، لە وەڵامدا ئەیوت بە مودیری عەربەت بیت، دە هەرواش بوو، کە لە (حقوق) دەرچووم یەکسەر بە مودیری ناحیەی تانجەرۆ (عەربەت) دامەزرام کە نزیک سلێمانییە. مام ڕەحیم ئێشکگر واتا (حارس)ی قوتابخانەکەمان بوو.

٣. کابرایەکی پیری کوێر لە بن کۆخێکدا لەسەر ڕێگەکە نزیک کەرکووک دادەنیشت. دەیانوت سێ ژنی هەیە و خەڵکی ئەو دێهاتانەی ئەو ناوەیە. هەرکە گوێی لە دەنگی ئۆتۆمۆبێلێک بوایە بەخۆی و گۆچانەکەیەوە ئەهاتە لایەوە لێخوڕیش ئەوەستا هەر کەسە شتێکی بۆ هەوا ئەدا، منداڵێکی لەگەڵ بوو بۆی گرد ئەکردەوە.

## فرمێسک بۆ مۆنتکارلۆی کوردستان

پێش ڕاپەڕینەکەی ساڵی ١٩٩١ بە نزیکەی چوار مانگ ئێمە کە ئەوسا ماڵمان لە بەغدا بوو هاتینەوە سلێمانی، ماڵمان لە بەغدا جێ هێشت کابرایەکی میسریی ناسیاومان بوو گرتمان بەکرێ وەک پاسەوان وامان دەزانی هەر تەنیا چەند ڕۆژێکمان پێ دەچێ و ئەگەڕێینەوە، دڵنیا بووین کە سەدام ئەو بێ عەقڵییە ناکات کە نزیکەی شازدە دەوڵەت هەڕەشەیان لێ کرد کە ئەبێ کوێت چۆڵ بکات، ئەوە بوو کابرایەکی سەرکێش و مەغروور سوپاکەی نەکێشایە دواوە تا بە شەق پێیان چۆڵ کرد، عەسکەری قوڕ بەسەر هی وا هەبوو (بەسەری قۆتی و بە پێی پەتی) وەک دەیانگێڕایەوە لە بەسرەوە بۆ بەغدا ئەگەڕایەوە.

لە سلێمانی بووین، دوای شکانی سەدام لە شەڕی کوێتدا دەستی کرد بە لێدانی میللەت بە ناوی (صفحة الغدر والخيانة): لە باشووری عێراق و لە کوردستاندا بەناوی (انفال)ەوە، وتیان سوپا دێتە سەر سلێمانی چونکە لە شاری سلێمانیدا شۆڕشێکی وا ڕووی دا و خەڵکەکە ئەوەندە داخ لە دڵ بوون لە سەدام و بەعس و دەستەودایەرەی کە پیاوەکانی بە پارێزگار و هەموو کاربەدەستانی بەعس لە دایەرەی ئەمنە سوورەکە مۆڵیان خوارد و لەوێوە بەرهەڵستیان ئەکرد، بەڵام ئەوەندەیان بەرگە نەگرت کە زۆربەیان کوژران و باقیی چەند کەسێکی زۆر کەمیان ڕزگاریان بوو.

ئێمە لە ماڵی خزمێکمان بووین پێش چۆڵکردنی شار بە دوو ڕۆژ هەموو شتێکمان لە خواردن و نوێن شتی پێویستمان لە خۆمان هەڵگرت و بە سێ (گەیێن- سەیارە) ڕوومان کردە (تەوێڵە) بە ڕێگەی خورماڵدا کە خۆم لە

پەنجاکاندا (مدیر ناحیة) بووم لەوێ، کە بە شوێنی دێیەکەدا تێپەڕین نەمزانی ئەمە شوێنی خورماڵە خۆشە ئاواکەی جارانە. بەرەکەت دا هەندێ پێشمەرگە لە قاپی (تەوێڵە) وەستابوون، هەرچەند لەگەڵیان خەریک بووین نەیانهێشت بچینە ژوورەوە، ئێمەش ڕاست گەڕاینەوە و ڕوومان کردە هەڵەبجە (بێگومان هەڵەبجەی کۆن) دەمەوئێوارە بوو، لە قاپی شاردا پیاوێکی پۆشتە و پەرداخ دانیشتبوو پرسیاری ماڵی حامد بەگی جافمان لێ کرد و وتی کەسیان لێرە نین، بۆچ ئەپرسن؟

وتمان جێگەیەکمان ئەوێ تێدا بحەوێینەوە ، کابرا وتی فەرموون لەگەڵ من. لەگەڵ خۆمان سوارمان کرد بەناو هەڵەبجەدا، نەخێر بەناو (وێرانەشارا) بردینی، لە دڵی خۆمدا ئەموت تۆ بڵێی لە یەکێک لەم خانووە ڕووخاوانەدا دامان بەزێنێ، بەرەکەدا کە گەیشتینە شوێنی مەبەست،سەیرمان کرد دوو هۆدە و هەیوانێکی ڕێکوپێک بەڵام پەنجەرەکانی یەکپارچە شووشەیان پێوە نەمابوو. ئێمەش بەهۆی دووربینیی خزمەکەمانەوە لە سلێمانی کە پێکەوە هەر لەسەر قسەی ئەو دوو ڕۆژ پێش چۆڵکردنی شار دەرچووین، نایلۆنی ئەستوور و بزمار و چەکوشیشمان لەگەڵ خۆمان هێنابوو، کۆی هەمووبمان (٢٢) کەس بە ژن و منداڵەوە، دەستمان کرد بە گرتنی نایلۆن بە پەنجەرەکاندا، لەو دوو ژوورەدا وامان ئەزانی لە (ئوتێل پالاس)ین، چونکە بۆ ئەو ڕۆژەی شار چۆڵ کرا (دو ڕۆژ دوای کۆچی ئێمە) کۆچ و ڕەوە گشتییەکە لە هەموو کوردستاندا دەستی پێ کرد، بۆ نموونە گەڕێن بە شەو و ڕۆژێک لە سلێمانییەوە ئەگەیشتنە عەربەت، زۆریی خەڵکەکە یاخۆ هەموویان هەر لە گەڕێنەکەیاندا ئەمانەوە و چەند کەسێکیش بەداخەوە بەرگەی ئەو ڕۆژە تووشەیان نەگرت گیانیان دا بەدەستەوە. بە شەو کە سەیری ڕێگەی سلێمانی – هەڵەبجەمان ئەکرد، ڕێگەکە سەرانسەر تا چاو بڕ بکات چراخان بوو بەهۆی (لایت)ی گەڕێنەوە کە وەک مێرووله ئەو ڕێگەیەیان گرتبوو بۆ دەرچوون و خۆکردن بە ئێراندا.

* هەڵەبجەی شەهیدی یەکەم جار

لەگەڵ هۆشیاری خوا لێخۆشبووی خزممدا بە ڕۆژ بەناو هەڵەبجەدا ئەگەڕاین، یەک خانوومان نەدەدی بە پێوە مابێت، هەرچییەک هەبوو بەسەروماڵ و دوکان و حەمام و شوێنی تر هەمووی بە دینامیت ژێرەو زەبەر کرابوون ماڵی وا هەبوو یەکسەر بەسەر خاوەنەکەی و ماڵ و منداڵیدا تەقێنرابووەوە، بەڕاستی گەڕان بەناو ئەو شارە خنجیلە جوانەدا کە مۆنتکارلۆی کوردستان بەناوبانگ بوو، بەناو کۆنکرێتی موسەلەحی ڕووخاوی سەقف و شەلمانی لولدراو ئاسنی پەنجەرەی پارچە پارچەی ماڵاندا ئاگری لە جەرگ و دڵ بەردەدا و زوڵم و زۆری مرۆی بەرامبەر بە مرۆ دەردەخست لەوەوپێش چەندان جار هەڵەبجەم دیوە و تیا ماومەتەوە و وەکیلی قایمقام بووم تیایدا، چەند خۆش و ڕازاوە و ئاوەدان بوو، ئێستاش ئاوا وێران کراوە، پیاو چۆن کۆراییی دانایەت جوانترین شاری وڵاتەکەی ئاوەهای لێ بێت.

ڕۆژێک کوڕێکی خزمم دی کە ئێستا لە لەندەنە، ئەویش ئەو ڕۆژگارە بە ماڵ و منداڵەوە هاتبوونە هەڵەبجە، سەیرم کرد هەموو دەموچاوی خوێنە و هەستیشی بەخۆی نەکردووە تومەز تەراشی کردووە لە شڵەژاوی و نیگەرانیدا ئاوا دەموچاوی خۆی هێناوەتە خوارێ.

ئێوارەیەک لە ماڵەوە بووین گوێمان لە ڕادیۆ بوو، وتی سەدام (عفو – لێبووردن)ی دەرکردووە با هەموو کەسێک بگەڕێنەوە ماڵی خۆیان. بەڕاستی ئەمە شتێکی خۆش بوو وا بزانم (ڕای) گشتیی جیهان و ئەو قورساییەی لە هەموو گێتیدا خرایە سەر سەدام لە ئەنجامی (کۆچ و ڕەوە) ملیۆنییەکەدا، ناچاری کرد ئەو فەرمانە دەربکات. ئێمەش دوای ئەوەی چوار شەو لە هەڵەبجەماینەوە، کە بە چوار ساڵ ئەچوو بۆ سبەحینێ گەڕاینەوە؟ بەڵا لە ڕێگە چیمان دی؟ هەر گەڕێن بوو لەبەر بێ بەنزینی وەستابوو، زەلام

به عـەرەبانەی دەست ئەگـوێزرانەوە، سـەتان کـەس بە پێ شـەل و کـوێر بە گۆچانەوە، پیر و ژن و منداڵ بە کورتی دیمەنێکی ناخۆش و دڵتەزێن بوو، کە گەیشتینە نزیک شاری (سلێمانی) سوپا گەیشتبوون و ڕێگەیان گرتبوو، بەڵام ڕێگەیان داین بە ئاسانی هاتینە شارەوە، بەڵام شاری چی؟ تومەز کە سوپا هاتوون هەرچی ماڵە چۆڵەکان هەبوو، هەموویان تاڵان کردبوو، ماڵی خـزمـێکمـان چووین سـەیرمـان کـرد هـەرچی بەنرخ بووە بردوویانە باقییەکەشی بەناو ماڵدا بڵاو کرابوونەوە، زۆری دەرگەکانیشیان بە لەقە شکاندبوو. ئێمـە شـەوێکیش لە شـار مـاینەوە بۆ سـبـحـەینێ دوای ئەوەی بەنزینمان پەیدا کرد. ڕێگەی کەرکووکمان گرت بەرەو بەغدا.

* ارجع الى السليمانية، روح دافع عن الطالباني

بە چوار گـەڕێن گـەیشـتـینە (سیطرة)ی کـەرکـووک، من لە پێشـەوە بووم دابەزیم، ئەفسـەرێک لەو ناوەدا بوو کـە منی دی بە چوار گـەڕێنەوە و ئەو هەمـوو خـەڵکەم لەگـەڵە وتی (منین جـای وین تروح و شـنو شـوغلک- وتم لە سلێمانیەوە هاتووم و ئەگەڕێمەوە بۆ بەغدا و پارێزەرم یەکسەر وتی: (ارجع الى السليمانية وروح دافع عن الطالباني)، پیاوێک لە دوایەوە بوو، چاوی لێ داگرتن ئیتر کە ئەفسەرەکە دوور کەوتەوە، پیاوەکە وتی: (روح اطلع لاتدير بال - برۆ گوێ مەدەرێ، ئێمەش یەکسەر بۆی دەرچووین کە گەیشتینە بەغدا و قاپی ماڵی خۆمانم کردەوە، سەیرم کرد، هەروەک ماڵە خزمەکەی سلێمانی کە سەرباز دایان بێژابوو، ماڵی ئێمەش هەرە حەرەسە میسرییەکە دای بێـژابوو بەڵام ئەیوت دز هاتووەتە سـەر مـاڵەکـە و وایان لێ کـردووە، کامێرا و جلوبەرگ و شتی ترمان زۆر برابوو، چونکە ئێمە وەک وتم وامان ئەزانی لە حەفتەیەک زیاترمان پێ ناچێ، کەچی چوار مانگ ماینەوە.

بەڕاستی ئەو کـۆچ و ڕەوە بۆ هەر کـەسێک و هەر مـاڵێک چیرۆکێکی سـەربەخۆ و پڕ ناسۆر بوو، لە کاتێکدا کە ئێمە لە زۆر کەس باشتر و بێ

زەرەرتر بووین، سەدام حوسێن ئەمانەی هەموو کرد بۆ مانەوەی خۆی کەچی ئێستاش ئەوەتا لە بەردەمی دادگەدا دەڵێت کە حوکمی (اعدام) درام چونکە عەسکەری بووم ئەبێ بە گوللە من بکوژرێم تاکو لەوێشدا هەر درۆی کرد، ئەو کابرایە عەسکەری نەبوو هەرچەندە پلەی (مهیب رکن)ی بە خۆی دابوو بەڵێ سەرکۆمار بە حوکمی شوێنەکەی (قائدی قواتی مسلحە) بوو، بەڵام بەوە نابێ بە عەسکەری، لەگەڵ ئەوەشدا لەوێدا ئەو قسەیەی فڕێ دا کە گوایە ناترسێ و ئازایە و پێشبینیی ئەو حوکمە ئەکات.

شەهیدبوونی دووەم جاری هەڵەبجە ئەهێڵینەوە بۆ هەلێکی گونجاوتر.

---

* ڕۆژانەی سلێمانی ژمارە (٣٠٠) ساڵی هەشتەم یەکشەم ٢٠٠٦/٨/٦ بەرامبەری ١٥ی خەرمانان ٢٧٠٦ی کوردی.

## خەڵکە هاوارە... خزمە هاوارە
## ئاگر و دووکەڵی... (سۆما) بێ بوارە

ئەو ئاگرەی میوانەکانی (سۆما)ی ڕەوانەی باوەشی مەرگ کرد، گریشی بەردایە ناخ و هەستی گەلێک، چونکە ڕووداوێکی دڵتەزێن و پڕ لە بەدبەختی و پەرێشانی بوو.. بەکورتی کڵپەی لە کانی دەروونی منیشدا هەڵگیرسان... ئەوەندە هەیە کە دەبێ بیڵێم: (سلێمانی شاری هەڵمەت و قوربانی) بەم کارەساتە جەرگبڕانە ئاشنایە، لە زەلزەلەی چلەکانی سەتەی پێشوو لافاوەکەی ساڵی ١٩٥٧و ڕەشبگیرەکەی ١٩٦٣ و چەند بەسەرهاتێکی یەخەگری تر.. بەڵام ئەم ئاگربارانەی سۆما زیاتر هەموواني ورووژان و هەژان.. منیش دوای خوێندنەوەی ڕۆژنامە و سەیری (TV) خەیاڵ و (واقع)ی ڕووداوەکەم تێکەڵ کرد و بە زمانی (سامان)ـەوە کە ئەویش هەر بە خەیاڵی خۆم ناوم ناوە: ئەم فرمێسکانەی لێ کەوتەوە:

سامان: ئەو پێنج کەسە بەناوی تاریکایی و لێڵیی ئێوارە وەختەدا بە شەقامی سالمدا ڕاست ملیان نا بۆ میوانخانەی سۆما. سۆماش کە ئەبوایە وەک سۆمای چاو خزمەتی بکردنایە و بپەرستنایە، کەچی ئەوان و ئەوانی تریشی دایە دەست فەرامۆشی و پشتگوێخستن، واتە دانیە قەزا و قەدەر کە بەو دەردە چوون.

سامان: دیمەنێکی نەبینراو و قەومانێکی بێوێنە... لە دەنگ و هاوار و گریانی ئەو لێقەوماوانە، کەللەم وەک تەپڵ، نەخێر وەک گومەز دەنگی ئەدایەوە... ئاخ لە دەریای بەدبەختی، وای لە نەهامەتی و پەرێشانی کە

یەخەی مرۆڤ دەگرێ؟!

سامان: لە هەموو لایەکەوە گەمارۆ درابوو، هیچ کەلێنێک نەبوو خۆمی بهاومێ و ڕزگارم بێ، تەنیا نهۆمی هەرە سەرەوەی ئوتێلەکە نەبێ کە ئەویش ڕەوانەی باوەشی نەهامەتی و نیوە مردنی کردم!.

سامان: (بەڕاستی کە ئەمانەی دەگێڕایەوە) ئاگرێکی تیژ لە ئاگر و درکەلەکەی سۆما تیژتر لە کاتی دەروونیدا هەڵدەگیرا بۆ دەرکەوتن، بۆ دۆزینەوەی ڕێگەی سەرهەڵدان، بەڵام هەی داخ و سەت داخ گەردوون داستانێکی ئاگراوی وای گەیاندە ئەنجام بە کەس چارە نەدەکرا و لەناوەڕاستیشدا لەسەری وەستا، جگە لەوەی وەک بارانی بەهار فرمێسک بە چاویدا دەهاتە خوارەوە و دەنگی بەدووکەڵ خنکا بوو، بۆیە بە ئەسپاییەکی چپە ئاسایی کارەساتەکەی دەگێڕایەوە.

سامان: ئەو خەڵکەی ناو سۆما بەدڵ پرییەکی ئەوەندە گەرمەوە هاواریان دەکرد و دەیانناڵان... کەچی ئەیهوو.. هەیهوو هەموو دەرگە و پەنجەرەیان لێ داخرابوو... چەکوشێک، تەورێک بەردێکیان شک نەدەبرد فریایان کەوێ و ئەو قاپی و پەنجەرانەی پێ بشکێنن!.

ئای کاکە: لاشە هەبوو نێڵەنێڵ لەو دۆزەخەدا دەسووتا، زەلام هەبوو، قرخەقرخ، چونکە دووکەڵ قاندی دابوو، ئەوە دوا ماڵاواییم بوو لەو گیانە پاکانەیان.

توخوا کاکە وازم لێ بێنن با گیانم بەسەر باڵی ئەو باڵندەیەدا بۆ یوانی کردگار، بۆ شکات، (لە سامانم پرسی شکات لە کێ؟).

سامان: لە تەماع و چاو لەدوویی کە بوون بە نەهەنگ و چاویش کە پەردەی ئەستووری بەسەردا کشا، کەسی نەدی و کەسی لا هیچ نەبوو، تەنیا پارە و گیرفان نەبێ وای لە چاوی تەماع کە چەخماخە دەدا، وای لە دڵی ڕەق و بێ ویژدان کە بەرد بەبا دەکات، ئای لە گەلەگورگ کە دەکەونە ناو

مـیللەت پف لە دۆ ناکـەن لە کـاتێکدا ئەمـەی دەوت: خـەڵکەکـە وەک گـۆمی شـڵـەقـاو لە بەردەمـی هۆتێل سـۆمـادا بەنـاو یەکـدا دەهـاتن و دەچوون و سـەرتاپا لەشـیـان نیـشـتـبـووە سـەر مـوچڕکە و هەمـوو دانە چۆقـیـیـان پێ کـەوتبـوو، ئەژنـۆیان لە داخ و خـەفـەت و نەهـامـەتیـدا دەلەرزی، هێـجگار کـەسـوکـاری خنکاوەکـان.. (ئـای بەدبەخت خـۆین، ئـای کـڵـۆڵ خـۆین) لە کۆتاییدا منیش دەڵێم و دەڵێمەوە:

نابێ ئەم ڕووداوە پڕ نەهـامـەتییـە، هـەر وا بڕوا و تێ پەڕێ، (٣٠) کەس لە شـارەدا بەخـۆ و بێگانەوە، ئاوەها بـە خـوت و خـۆڕایی و بەهـۆی (اهـمـال) و تەماعەوە هەڵپرووکێن.

پێویستـە لەسـەر کاربەدەستانی شارەکەم و هـەرێم لە بناغە و بنەچەوە لەم ڕووداوە بکۆڵنەوە، ئەو لێژنـانەی بۆ ئەم مەبەستـە دانراون بەوپەڕی دڵسۆزیی کارسازییـەوە تێ کۆشن، تا دوایی هـەرچی مـیوانخـانە و هۆتێل و شـوققەی کرێ و تەلاری بەرزی بە عـاسـمـاندا چوو و بینـای تری لەم بابەتە کە هـەمـوو چوار ئەستێرە و پێنج ئەستێرە بە بەرۆکیانەوەیە، چاو بە مـەرجی سەلامەتی و حـەسـانەوەی مـیوان و گـەشـتـیـاریی هـەمـوویاندا بگێـڕدرێتـەوە و هـەمـیـشـە لەژێر چاودێری و لێکۆڵینەوەدا بن و بە هیچ جۆرێک ڕێگە نەدرێ جارێکی تر نەهامەتیی وا دووپات بێتەوە، ئەمە پێویستە نەک هـەر لە ناوچەی سلێمانی، بگرە لە هـەولێر و کەرکووک و دهـۆک و هـەمـوو شـار و شـارۆکەکـانی هـەرێمی کوردستاندا ڕەچاو بکرێ.

ئەو هـەرێمـی کـوردسـتـانەی لە هـەمـوو لایەکەوە ڕووی تـێ کـراوە، کـەوا لە هـەمـوو سـەرێکەوە سـەلامـەتە و ئاسـایشی تێـدا پارێزراوە، بەم ڕووداوە و ڕووداوێکی تری لـەم بابەتـە، ئەو نـاوبانگە پاک و جـوانەی نـامـێنـێ کـە بە ملیاران پارەی بێگانە ڕووی تێ دەکات بۆ وەبەرهێنان.

ئینجا لە کۆتاییدا پیرەمێرد ئاسایی دەڵێم:

هاتن ســـووتاو و خنکاوەکـــان بـەبەرگی ڕەش و خـــوێنەوە،
سلێمانی و کاربەدەستان هەستن سڵاو و حەقیان بسێننەوە.

* ساڵی نۆزدەم ژمارە (٥٢٣٩) دووشەم (٢٠١٠/٧/٢٦).

## دیمەنی ڕۆژانەی ڕووداوەکان

یاخوا خوا عافوی کا عەولا پاشا و خوا لە گوناهی خۆش بێ بەڕاستی پیاوێکی پاک و ڕاست و دڵسۆز بوو، تا شەش حەوت ساڵیش لەمەوپێش هەموو بەیانییەک وەک هەڵسوکەوتی پێشووی لە خەو هەڵدەستا، پیاسەیەکی دوور و درێژی ئەکرد بۆی بکرایە و کەس دیار نەبوایە تۆزە تۆزە تراشی ئەکرد، ئینجا ئەهاتەوە ژوورەوە قایش و قوڕ و پۆستاڵ و پشتێنی ئەوسای چی هەڵگرتبوو هەموویانی پاک ئەکردەوە و ئەگەر پێویست بووایە بۆیاخی ئەکردن و جلەکانی ئەگەر وتوویان شکابێ لە وتووی ئەدان و ئەیکردنەوە بەدارا، بە دەرمان شەوقی بە تاج و ئەستێرەکانی سەرشانی هەڵدەهێنایەوە و هەموویانی ئەخستەوە ناو کەنتۆرەکە ئینجا شیر و قەمە و دەمانچەی ئەوسای کە لە سوپادا پێی بەخشرا بوون هەموویانی چەور ئەکردەوە و پاکی ئەکردنەوە و هەریەکەی ئەخستەوە کیفەکەی خۆی بەڵام ئافەرینەکانی کە لە ئەنجامی ئازایەتی و نیشتمانپەروەری و هەڵمەت و بەرگریی وەتەندا وەری گرتبوون، ئەو (وسام) ئاناەی هەموو لەناو سندووقێکی شووشەدا دانابوو لە ژووری میوان لە شوێنێکی دیاردا دەیپارستن و پێشانی خەڵکیشی ئەدان ئەم پیاوە گەیشتە پلەی پاشایی لە سوپادا تاکو دوای خانەنشینیشی هەر هەمیشە لەلایەن هەمووانەوە ڕێزی لێ دەگیرا و پرسی پێ ئەکرا... چونکە ئەفسەرێکی بەتوانا و ئازا و ڕاست و زیرەک بوو، بەڵام بەداخەوە لەم دواییەدا نەخۆشی تەنگی پێ هەڵچنێ و ماوەیەکی زۆر لەناو جێگەدا خستی تاکەفتەکاری کرد و لە هاتوچۆی ناوماڵ و لە جووڵانەوەی سەر جێگەشی خست بیر و هۆشی پێ نەهێشت... ئیتر فەرمانی یەزدانی بەجێ هێنا.

ئەم پیاوە ڕۆژێک ڕوویەکی خۆشی لە گوڵەخانی ژنی نەدی ئەوەندەی ئەو ڕووی دەدا بەو و ڕێزی ئەگرت و دەیلاواند گوڵەخانە بە پێچەوانەوە هەر بۆڵەبۆڵی بوو، هەر گازندەی بوو هەر چییەکی بۆ بکردایە، هەر ناڕازی بوو خۆ ئەگەر بڵێی لە تەمەنیشدا ئەوەندەیان فەرق نەبوو بەڵام خوا هەڵناگرێ لە جوانیدا پاشا گەلێک لە گوڵە جوانتر بوو، ئەم هەموو دڵڕاگرتن و لێبووردنی ئەو پیاوەش لەبەر خاتری منداڵەکانیان بوو، پیاوە تازە تووشی بووە و منداڵی گەورەیان هەیە چی بکات بۆیە هەموو شتێکی ئەپەچینە دڵی و هیچی دەرنەدەبڕی تا لە دواییدا کلۆڵە بوو بەو جۆرەی کە وتمان بێ ئەوەی ئەو ئافرەتە خزمەتێکی ئەوتۆی بکات یا بە دەوروپشتیدا بێت..

هەرکە هەواڵی کۆچی عەوڵا پاشا بڵاو بووەوە ئێمەی خزم و کەسوکار هەموو بەپەلە چووین...

چیمان دی تەرمەکەی پاشا لە سندووقدا لە هۆڵەکە دانرابوو هێشتا نەبرابوو بۆ گۆڕستان گوڵەخان شین و شەپۆڕی بوو بە دەوریدا لە خۆی ئەدا و ڕوومەتی خۆی ئەڕنیەوە، سەر و گوێلاکی خۆی قوڕاوی کردبوو، ئەیلاوانەوە بۆ عەوڵا پاشا، بۆ تاج و ئەستێرەکانی سەر شانی بۆ کاتی خۆشەویستیی دڵدارییان بۆ ئەو چەند ساڵە خۆشەی پێکەوە لە ژیاندا بردیانە سەر کە هیچ ژن و مێردێک وەک ئەوان ڕێکوپێک نەبوون کەس وەک ئەوان یەکتریان خۆش نەویستووە و کە لە خۆشییەکەیدا چەندان شەوێ بە دیاریەوە ڕۆژی کردووەتەوە... ئیتر لەم بابەتە وەک بولبولی خۆش ئاواز ئەی ئەیوت نەیدەوتەوە، ئیتر ئەم خەڵکە هەموو واقیان وڕمابوو ئەم خۆنواندن و ئەم تەمسیلە چییە ئەم ئافاتە ئەیکات لە بەرچاوی خەڵک و ئەم ڕەش و سپیکردنە چییە لەوەی ئەکرد روحیانەتی پاشا لە غەیبەوە بە گوڵە بڵێ: خوا ڕووت ڕەش بکا، هەتا مابووم مراندمت، دەبێڵە لە مردندا ئاسوودە بم...

* هاوکاری / چوارشەمە ١٩٩٧/٩/١٠ ز- ژمارە (٢٧٦٣).

## دیمەنی ڕۆژانەی ڕووداوەکان

(مهاتما غاندی و دایکە تریزا و حەپسەخان)

هەرچەند جاروبار ناوی دایکە تریزام لە دوورەوە دەبیست، نە ئەمزانی ئەم پیرێژنە سەیرە چییە و نە دەمزانی خەریکی چییە، ئەوەندە نەبێ هەر ئەیانگوت ئافرەتێکی خێرخوازە تا لەم بەینەدا لە هیندستان گیانی پاکی بەخاک سپارد.. ئەوە بوو جیهانی بەجارێک بۆ خرۆشا بە جۆرێک هەر بۆ ناشتن و شاردنەوەی چەندان ژن و پیاوی بەناوبانگی جیهان ئامادە دەبوون..

دەی باشە من پرسیارم لە دنیای ڕاگەیاندن و ڕۆژنامە و کۆوار و ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن.. ئەوەیە دایکە تریزا چی کردووە وا گەیانرایە ئاستی غاندی و هەر بەو عەرەبانەیەی ئەو لاشەکەیان گواستەوە بۆ شوێنی حەقی خۆی؟ چونکە ئەوەندەی من بزانم هەر غاندییەک هەبووە لەم جیهانە بەرینەدا و وێنەی نەبووە و ڕەنگ هەیە نەشبێتەوە غاندییەک کە بریتی بوو لە چەند ئێسقانێک و چواریل گۆشت.. بگرە بەقەدەر سیقەتۆرەی مریشکێک گۆشت بە لاڕان و قۆڵییەوە نەبووە یاخۆ هەر چڵ و چێوێک بوو بۆ خۆی کەچی گیانێکی مرۆڤانەی سەخت و نەبەزی و وەها و چل و چێوە دابوو کە خاوەنەکەی کردبوو بە نموونەی مرۆی پاک و ڕاست و خاوێن و خۆبەختکەر لە ڕێی گەل و نیشتماندا.. لای خۆمان ئەیانگوت (سان جمۆ بەغداش کەرۆ) جا ئەگەر غاندی بجوولایەوە یا ڕۆژووی بگرتایە ئەوا ئیمپراتۆریەتی بەریتانیای ئەهەژان. ئەو غاندییەی ولاتی هیندی (کە ئەوسا هیندستان و بەنغلادیش بوو) لەدەست ئیستیعماری ئینگلیزی ڕزگار کرد..

ئەو غـاندییـە هەتا مـردیش لە خـۆی و (خـەرەک)ێک و بزنێک بەولاوە هیچ سامان و ماڵێکی نەبوو..

جـا خـۆ ئەگـەر بڵـێی نەنە (تریزا)ش هـەروەک غـاندی چڵ و چێـوێک بوو، بەڵام ئەویش هەروەک غاندی بیروباوەڕێکی پۆڵاینی ئەوەندە بەهێزی هەبوو کە تـوانی ناو وەک غاندی دەرکا و خۆشـەویستی نەک هەر گەلی هیند، بگرە ڕێز و دڵی گشت جیهان بەلای خۆیدا ڕاکێشێت لە ئەنجامی خۆبەختکردن و دڵسۆزی و خزمەتی مرۆڤایەتیدا ئەوە بوو لە بەڕێکردنیدا ژن و پیاو، گەورە و منداڵ ، گەنج و پیر هەریەکە فرمێسکی سوور و سوێری بۆ ئەڕشت.

ئاخ کە منیش داخ و خەفەتم خوارد کەوا لەناو ئێمەدا تۆ بڵێی ئافرەتێکی خێرخوازی وەک نەنە تریزا هەڵنەکەوتبێ.. بۆچی نـەء کێ ئەڵێ ئەگەر ژنێکی وەک حەپسەخانی نەقیبیش عەینی هەلومەرجی بۆ بڕەخسایە نەدەگەیشتە عاسـتی دایکە تریزا، بەڵێ حـەپسـەخانیش ئافرەتێکی کەم نـەبوو بۆیە ئەبێ ئەویش ڕۆژێک لە ڕۆژان حەقی خۆی بدرێتێ و لە بیرمان نەچێتەوە..

هـەزار چەپکێ گوڵی جوان و بۆنخـۆش و ڕازاوە بۆ گیـانی غاندیی نـەمر و، دایکە تریزای خۆبەخت و هـەزار ئەوەندەش سـڵاو بۆ گیانی هەموو خێرخواز و خزمەتکارێکی گەل و مرۆڤایەتی..

* هاوکاری، ژمارە ٢٧٩١، ڕۆژی ١٩٩٧/١٠/٢٩.

## دیمەنی ڕۆژانەی ڕووداوەکان

مـەملەکـەتـی هـەنگ جـیـهـانێکی سـەیروسـەمـەرە، چۆن بنیـات نراوە و چ سیستـەمێکی تیـا پەیڕەو ئەکرێت و فیداکاری چەند تێدایە.. ئەوەتا مێینەی کرێکار هـەر خـەریکە لەم گوڵەوە بۆ ئەو گوڵ و لەم دارەوە بۆ ئەو دار. ڕۆحی گوڵ ئەمژێ و ئەیهێنێتـەوە ئەیکات بە هـەنگوین ئەویش بۆ زەخیـرەی خواردن و بۆ زسـتـان و کـاتـی تەنگانە.. دایکی هـەمـووانیش کـە شـاژنە، ئەمـیش بە دڵسـۆزی و دووربینی هـەر خـەریکی ڕێکخـستن و هێلکەکردن و زیادکـردنی ژمارەی هـەنگەکانە، نێرە تەمەڵەکانیش ئیشوکاریان نییە لە خواردن و سک لەوەڕاندن زیاتر تەنیـا لە کاتی داواکردنی شاژندا کامیان ئازا و بـە گورجی سواری ئەبێ بە ئاسـمانەوە بەوە تۆوڕێژ ئەبێت و ئەو هـەنگە نێرەش بۆ خۆی ئەمرێ.

لە مـــاڵەوە کــورەیـەکی هـەنگم هـەبوو لـە ســایەی ئەو باخــچــۆلەیـەی لە حـەوشەکـەمدا کردوومە، گەلێک گوڵی جۆرەوجۆرم تیـا ناشتبوو لەوانەی کە هـەنگ حـەزی پێ ئەکـەن وەک گوڵـەباخ و نازناز و لالۆ عـەباس.. هـەنگەکـانم بوژاونـەوە و کەوتنە هـەنگوین دروسـتکردن، یەکەم ساڵ کە کوورەکەم بڕییەوە چەند کـیلۆیەک هـەنگوینم دەسـتـکەوت و دووەم سـاڵ زیاتر لە کـیلۆم لێ دەرهێنا و چەند کیلۆیەکیشم لە کوورەکەدا هێشتەوە بۆ خواردنی هـەنگەکان خـۆیان، چونکە نابـێ ئەو هـەنگە هـەژارانـە هـەر چییـەکـیـان کۆ کـردووەتەوە بەرەنجی شـانی خـۆیان من هـەمـووی بەرم (وەک هـەندێ کـەسـی بێ ویژدان ئەیکەن). لەگەڵ هـەنگە خۆشەویستـەکانمدا بەمجۆرە دوو ساڵ هـاتین، کۆڵێک دڵم پێـیـان خـۆش بوو، هـەرچەند سـەیرم ئەکـردن، خـۆم بـە لالۆی روغـزایی

ئەزانی کە سەیری ڕانە مەڕەکانی خۆیانی ئەکرد. گەز گەز باڵام ئەکرد.

کاکە گیان: ئەوەندەم زانی زەردەواڵەی دوابڕاو ورووکانە هەنگەکانم، منیش شەو و ڕۆژ لێم ئەکوشتن و سریێشم بۆ دائەنان کە پێوەی بلکێن و کوورەکەم ئەگواستەوە لە شوێنێکەوە بۆ جێگەیەکی تر، بێ سوود بوو هەنگەکانیش وەک بڵێی لەبەر دڵی من (چونکە یەکترمان زۆر خۆش ئەویست و خزمەتم ئەکردن) بەینێک دانیان بە خۆیاندا گرت، بەڵام هەرکە وای لێ هات زەردەواڵە زیاتر جێی پێ لێژ کردن، تومەز هێرشیان بردووەتە ژوورەوەش بۆ ناو کوورەکە. بەوە شاژن هەستی بە خەتەر کردووە کەوا خەریکە شارەکەش و منداڵەکانیشی سەرەونگوم بکات.. ئیتر ئەبێ بیر لە ڕێگەی رزگاربوون بکاتەوە، واتا نۆرەی خەبات و تێکۆشانە لە ڕێی ژیان و مردندا.. وا دیارە کەوتبووە خۆئامادەکردن، کاتێکم زانی خۆی و ڕۆڵەکانی بەدوایەوە، کوورەیان بەجێ هێشت و بۆی دەرچوون، ڕۆژێک کە سەری کوورەم هەڵایەوە کسپەیەک لە جەرگمەوە هات کە سەیرم کرد تاکە هەنگێک نەماوە چاوم پڕ لە ئاو بۆ ئەو دۆستە خۆشەویستانەم، ئەو دۆستە دڵسۆز و خۆبەختکەرانەم، ئەو هەنگە نازدارانەم کە هیچ ئەرکێکیان بەسەرمەوە نەبوو هیچم بۆ خەرج نەدەکردن،کەچی ئەوان ئەو هەموو هەنگوینەیان ئەدامێ کە وەکو ئەڵێن دەرمانە بۆ نەوەت و نۆ دەرد و نەخۆشی.

خۆزگە ئێمەی مرۆش وەک هەنگ پاک و دڵسۆز و ڕێکوپێک و لەناو خۆدا یەک دەبووین و گیانی (تضحیة)مان تیا ئەبوو، یاریدەی یەکترمان ئەدا و زیانمان بۆ یەک ئەبوو بزانن پیرەمێردی لە پەندەکانی پێشینانیدا چۆن ستایشی هەنگ ئەکات کە ئەڵێت:

هەر هەنگ نامووسی خۆی ڕادەگرێ
بە پیاویەوە دا، لە داخا ئەمرێ

* هاوکاری، ژمارە (٢٧٥٩)، چوارشەم ١٩٩٧/٩/٣

## دیمەنی ڕۆژانەی ڕووداوەکان

هێشتا (کرێنەکەم) بە تەواوەتی لە تەنیشت شۆستەکەوە ڕانەگرتبوو، کوڕێکی گەنج لەبەردەممدا پەیدا بوو، هەر لە خۆیەوە ژمارەی ئۆتۆمۆبێلەکەی لەسەر پارچە کاغەز نووسی و دایە دەستم کە (١٠٠) دیناریشی لەسەر نووسرابوو. باشە کوڕم ئەمە چییە؟ – چۆن ئەوە چییە؟ ئەمە (وصل)ی کرێنەکەتە و پارەکەش کرێی (گەراجیە)یە.

– باشە کوڕم، تۆ کێیت و (هوية) و ناو و نیشانت؟ کوڕە بەسەرسامییەکی تەواوەوە سەیری کردم وەک کفرم کردبێت ووتی: عمي اشوف حيل تحقق وياي"، وتم: کوڕی خۆم من کەرینێکت تەسلیم ئەکەم نرخەکەی هیچ نرخێکی نییە، ئەی نابێ بزانم تۆ چیت و کێیت؟ لە دواییدا باسی کرێی گەراجم لەگەڵ ئەکەیت، کامەیە گەراجەکەت؟ ئەمە هەمووی شەقام و قەراغی شەقام واتا شۆستەی شارەوانییە ئیتر من ئەم پارەیە بە تۆ بۆچ بدەم؟

– ئاخر من بە (اجار)م گرتووە. بەڵێ باشە کوا (عقد اجار)ـەکەت با ببینم بەسەرچاو منیش حەقی تۆ بەزیادەوە ئەدەم، وەڵامی دامەوە وتی (عقد)ـەکەم لە ماڵەوە هەڵگرتووە نەوەک بفەوتێ. وتم: لە شووشەی بگرە و بیکەرە ملت بۆ ئەوەی خەڵک بڕوات پێ بکات.

– باشە خاڵۆ وا بزانە من گاردم و چاودێریی کەرێنەکەت ئەکەم. وتم باشە ئەی ئەگەر لەو سەرەوە هاتمەوە و کەرێنەکەم و تۆش هەردووکتان نەمابوون. یەخەی کێ بگرم وتی: مامە گیان من پاسەوانی ئەم ریزە کەرێنە دوور و درێژەم و کە لەسەر ئەم شەقامە وەستاون و هەموو (وصل)ی منیان پێیە.

– پسوولەکەت کاتێ متمانەی پێ دەکرێت، کە ناوی پیاوێکی دیار و ناسراو یا (شركة)یەک یا لایەنێکی میریی بەسەرەوە بێت. ئەگینا هەرگیز پشتی پێ نابەسرێ کورە بە توورەییەکەوە لێی دا و ڕۆیشت منیش بە راستی ترسم لێ نیشت، وتم ئەم کورە گۆبەندێکم بۆ نەنێتەوە گورج کەرێنم لەوێ گواستەوە، بردمە شوێنێکی تر، لە بەرا، جووتێ نەعل بەسەر پێوە، پەنجەکانی ئەتوت بەڕوو لە ترۆزین لێی هاتوونە دەرێ هەر کەرێنم راگرت (کارت)ێکی بۆ دەرهێنام، ئەمە چییە بابە، کابرا بە ڕوویەکی گرژی نیمچە توورە بوونێکەوە و بەدەنگێکی گڕ و ناقۆلاوە وەلامی دامەوە. چییە؟ نازانی ئەمە گەراجی منە و ئەمەش کارتی (گەراجیە)یە.. هەر زوو بۆ دەرچووم. ئەویش دووسێ جار بانگی لێ کردم (.. ها.. عمي.. هاشوف انهزمت؟) گوێم نەدایە لێم خوری بەولاوە شوێنێکی چۆڵ و هۆڵ وتم ئەمە وا دیارە ئەو شوێنەیە کە من بۆی ئەگەڕێم، گەلێک پیرۆزباییم لە پیرە کەرێنم کرد کەوا لێرەدا بۆ خۆی شانێک دائەدا و ئەحەسێتەوە هێشتا نەهاتبوومە خوارەوە ئەوەندەم زانی فیک و هوڕ شاور لێدانی پۆلیسی هاتوچۆ دەستی پێ کرد..

چییە بابە چییە؟ (عمي شلون شكو ممنوع الوقوف هنا يا الله جيب اجازتك) ئێ بابە خۆ کفرم نەکرد وا ئەڕۆم باش بوو لەوێش ڕزگارم بوو، بەمجۆرە لە (ساحەی وەستانی ئۆتۆمۆبێل) نزیک بوومەوە خۆمم پیا کرد و پسوولەیەکی دووسەت دیناریان بۆ بریم دەی باشە من ئەگەر ڕۆژێ پێنج جێگە بوەستم ئەی ڕۆژی هەزار دینار بدەم بە گەراجیەی ئەی من خۆم لە (ئەوقاتی) وەک پارێزەرێک دەست کەوتەکەم چەندە تا ڕۆژی هەزار دینار بە تەنیا بە گەراجیە بدەم!!

* هاوکاری، ژمارە (٢٧٥٥)، چوارشەم ١٩٩٧/٨/٢٧.

## دیمەنی ڕۆژانەی ڕووداوەکان

خەڵکەکە بە تایبەت باوکەکەی هەموو دەستیان کرد بە هەڵدانی کوڕە، یەکێک دەیوت قارەمانە، دووەم دەیوت ڕۆستەمی زەمانە، سێیەم دەیگوت، نەخێر ئێوە نازانن ئەمە ئەسکەندەری یۆنانە ئەم پیاهەڵدان و بەتانوپۆ هاتنە لەو وڵاتەدا بەجۆرێک دەنگی دایەوە.. هەر دەسکە گوڵ و دیاری و شیرینی بوو بەو مێرمنداڵە پێشکێش دەکرا کە تەمەنی لە پازدە ساڵ تێپەڕی نەکردبوو.

شتەکەش چی بوو؟ جارێک کوڕە بە تەنیا لە ماڵەوە بوو هەرکە سێ دز هاتنە سەر ماڵەکە بۆ شت دزین کوڕەش کە هەستی پێ کردن زۆر ترسا و کونە مشکی لێ بوو بە قەیسەری لەم کون بۆ ئەو کون خۆی دەشاردەوە تاکو بەڕێککەوت تفەنگەکەی باوکی کەوتە بەردەستی کە پڕی بوو لە فیشەک، لە تاو گیانی خۆی و لە ترسا دەستی دایە تفەنگەکە و بەڵام هەموو گیانی وەک بی ناو ئاو ئەلەرزی، دەستی کرد بە تەقە لە دزەکان هەرسێکیانی هەڵبڕی و لە دواییدا دەرکەوت دووانیان لە دەرەوە کەوتوون و کوژراون، سێیەمیان ڕزگاری بووە.

باوکی کوڕەکە هاتەوە ماڵەوە و ئەمەی دی و بە پێچەوانەی ژنەکەیەوە ویستی ئەم ڕووداوە بکات بە کارێکی مێژوویین لە ئازایەتی و هاتنە دەست دژی دز و پیاوخراپ. بەڵام کوڕەکە خۆی دوای ڕووداوەکە زۆر سەغڵەت بوو وەک بڵێی خوێن گرتبووی شەو خەوی ناخۆشی دەدی و کارەساتەکە ئەهاتەوە بەرچاوی ئیتر لە ترسا جێی بەخۆی نەئەگرت بە تایبەتی کە دزی سێیەمیش بەدوای سەری کوڕەدا ئەگەڕا بۆ ئەوەی خوێنی هاوڕێکانی ون

نەكات و تۆڵەیان بسێنێ.

پیـاوێک دراوسـێی ئەم مـاڵە بوو، لە کـاتی خـۆیدا ئەویش شـتـێکی لەم بابەتـەی بەسـەر هـاتبـوو، ئـەوەندەیان هەڵدابوو، کـابرا تا بـەینێک سـەری لێ تێک چووبـوو، لە دواییدا هەسـتی بەخـۆی کـرد و بە خـۆیا چووەوە، سـەیری کرد ئەو ئەم پیاوە نییە کە خەڵک بەمجۆرەی ئەدەنە قەڵەم بۆیە ڕێگەی ڕاست و ڕەمـەکـیی بۆ خـۆی گرتـەوە تا گـەڕایەوە سـەربـاری ئاسـایی جـا ئـەو پیـاوە ئامـۆژگـاریی باوک و دایکی کـوڕە مـێـرمنداڵەکـەی کـرد کـەوا ئـەوەندەی هەڵنەدەن سـەیری (واقـیـع) بکەن ئەم شـتـە لەم کـوڕەی ڕوو داوە هـەروەک بەسـەرهاتەکـەی ئەو وایـە بێ کـەم و زیاد.. ئەوەتا کـوڕە لە ترسـا نە خـەوی هەیـە نە خـواردن بـە ئاسـوودەیـی چونکـە لە راسـتـی دوور کـەوتووەتـەوە ئەو قـارەمان نییـە و ڕۆسـتـەم و ئەسکەندەر نییـە، جـا بۆ ئەوەی بگەڕێیتـەوە سـەر دوخـی ئاسـایی و ژیانێکی ڕەمـەکی بژی پێـویسـتـە بـاوکـەکـەی بە خـۆیدا بچێـتـەوە و واز لە هەڵدانی کوڕەکەی بێنێ و ڕێگەش بە خـەڵکی نەدا و ئەو بەستەزمانە ئەوەندە بەناهەقە هەڵبدەن کوڕەکە خۆشی ئەمەی زۆر پێ خۆش بوو چونکە خـۆی زۆر باش ئەیزانی کە دز کوشتنەکـەی لە ئازایەتی نەبووە و لە ترسـدا بووە ئیـتـر بەوە کـوڕە ژیانی ئاسـوودەیی و هێـمنیی بۆ گـەڕایەوە وەک جـاران جـا برای برام ئاگات لە خـۆت بێت کـەس بە خـۆڕایی بۆ شـتـێک هەڵمەدە کە لە باریا نەبێت. ئەوەتا پیرەمێردی نەمر لە پەندەکانی پێشنیاندا ئەڵێت: ئەوی کە لەسەر تەجروبە بڕوا هەر چییەک بڵێت پێی بکە بڕوا.

بیرۆکەی ئەم کورتە چیرۆکە لە فیلمێکی بێگانەوە هاتووە کە کەناڵی یەکی تەلەفـزیۆنی بـەغـدا شـەوی پێنج شـەممە ٧-١٩٩٧/٨/٦. بـەناوی (المسلح البري*)ـەوە پێشانی دا.

* هاوکاری، ژمارە (٢٧٥١)، چوارشەم ١٩٩٧/٨/٢٠.

## نامەیەکی کراوە

بۆ خزمەت بەڕێزان (جەنابی سەرۆک مام جەلال) و (جەنابی
د. بەرهەم) و (جەنابی د. کاوەی وەزیری ڕۆشنبیری) و
(جەنابی پارێزگاری سلێمانی)

سکاڵای پەیکەری بابانەکان و گومەزی سەدری تەختی ئاخیرەت

دڵ لە مـــحنـەت کـــەیلـە، ســـەیری ناوشــــارم نیـــیــــە
عــــەینی چاوم خـــوێنـی تێ زاوە لـە داخـی مـــەردومــــان

صـاعـیـقـە و بەرقی نەدامـەت، زوڵـمـەتی دا شـەرق و عـەرەب
بـەردەبارانـە بەمـــەخـــصـــوصی لەســـەر مـــوڵکی بەبان

چاوی عـــیــبـــرەت هەڵبـــڕە ئەی دڵ لە وەزعـی دەهری دوون
سـەیرکە سـا تورک، فـەلەک چی کرد بە زومرەی کورد و زبان

حـــاکـــمـــە رۆمـی لەســـەر تـەخـــتـی سلێـــمــــانی درێغ
کـەوتە دەسـتـی دێوی دوون مـیـهـری (سـلێـمـان) ئەلئـەمـان.

هەڵبژاردە لە شیوەنی حەزرەتی سالم بۆ بابانەکان دوای کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتیان لەلایەن عوسمانییەکانەوە لە بە ینی ساڵەکانی (١٨٤٧- ١٨٥١).
(ئەمە خۆی چامەیەکی دوور و درێژە کە بەو بۆنەیەوە وتراوە).

ئێمەش ئەڵێین (ئەمڕۆ) نە سایقە و بەرقی پەشیمانی سلێمانیی تاریک کردووە نە (ڕۆمی واتا عوسمانی) حاکمە، نەکەوتووینەتە دەست دێوی دوون،

نە کورد بووە بەبەردی قۆچەقانی...

کوردستان ئەمڕۆ بەدەست ڕۆڵەکانی خۆیەوەیەتی، پریشکی ئاگری کوردایەتیی بەجۆرێک تەنیوەتەوە، سەرانسەری کوردستانی گرتووەتەوە... گرێکوێرەی بەختی کورد لە کردنەوە یاخۆ کراوەتەوە... میللەتی کورد خەریکە خۆی لە مەیدانی شەڕەقۆچی ئێران و تورکیا ڕزگار ئەکات... ئەگەر ئەمڕۆش نەبێ، سبەینێ، واتا کورد لەوە دەرچووە وەک ڕانەمەڕ معامەلە بکرێ وەک گەلەگورگ بیدەنە پێش و دراوسێکانی وەک جاران سەیری بکەن. باوەڕی قەومیەت و دیموکراتییەت و ئازادی بەجۆرێک بڵێسەی سەندووە، گڕە پیرۆزەکەی بەهەموو لایەکدا تەنیوەتەوە... ئیتر کورد بە زمانی لووس ناخەڵەتێ.

کورد خەریکە بە خۆیدا دێتەوە، هەنگاو ئەنێ بۆ پێشەوە، نەخێر هەر میللەتێکیش بەم قۆناغانەدا تێ ئەپەڕێت. بەڵێ (گەندەڵی و دەستدرێژی بۆ سەر ماڵی میللەت و گیرفانی پڕ لە حەرام و چاو برینە پلە و پایە و... گەلێک شتی تر ماون و گوڕ نەکراون) بەڵام من وەک مرۆیەکی دنیادیدە و نەختێک شارەزای مێژوو، (هەر گەشبینم بە هێز و باز و توانای میللەتەکەم... هەموو دەست لەناو دەست وەک برا، یەک تەن و یەکتا بەرەو پێشەوە، تا ئەگەینە کاروانی میللەتانی پێشکەوتوو..

ئا لێرەدا پێویستە نەک هەر ئەمڕۆ و سبەینێ، بگرە هەموو کات ئاوڕ لە مێژووی میللەتەکەمان بدەینەوە... خۆ بە خۆڕایی نەگەیشتووینەتە ئەم پلە و پایەیە، پەند لە ئەزموون وەربگرین، چیمان لا باش بوو، چی پیرۆز بوو، بەکەڵکمان هات وەری بگرین و لەسەری بڕۆین و شتی بێ سوود و ناپەسند و دژ بە بەرژەوەندی میللەت فڕێ دەینە زبڵخانەی مێژووە... بۆیە ماوین چونکە هێز و تۆوی بەرگری و مانەوەمان تیایە ئینجا بەرەو (سەردێرەکەی سەرەوە، بەرەو هەیکەلەکان و گومەز و سەرای سلێمانی).

* هەیکەلی برایم پاشا

برایم پاشایەک کە وەک مەلا نەجمەدین ئەڵێت: "ناتوانم بڵێم برایم پاشا لە ئەسکەندەری مەقدۆنی و ئەبوجەعفەر مەنسوور زیاترە کە شاری (ئەسکەندەریە) و (بەغدا)یان "دروست کرد بەڵام هەرگیز لەوان کەمتر نییە. ئەمجا ئەگەر کورد هەیکەل بۆ پیاوە گەورەکانی دروست بکا، یەکەم کەس برایم پاشایە کە هەیکەلی بۆ بکرێ". منیش ئەڵێم: بۆ پێکهێنانی هەیکەلێکی گەورە و لە برونز لێژنەیەکی علیمی و هونەری پێک بهێنرێ و لە بەردەرگەی سەرا یاخۆ (قاپی شار) دابنرێت ئەو (سەلکە) ئێستا لە بەردەرگەی سەرا دانراوە، هەڵگرتن و نەبوونی گەلێک باشترە، چونکە ئەگەر بە ڕۆژ بە تایبەتی بە دوایدا نەگەڕێیت نایدۆزیتەوە بە شەویش بە چرای ڕۆن گەرچەکەوە هەر لێت ون دەبێت.

ئەو برایم پاشایەی "مەولانا خالید لە بابەت دروستکردنی شاری سلێمانییەوە پێی وتووە:

ناوی بەناوێکەوەیە هاونیشان
ئاگری نەمرود بۆتە گوڵستان

بانگ ئەکەنە من هەموو ئەهلی یەقین
انك فيها لمن الخالدين

ئەمین زەکی بەگیش ئەڵێت: "برایم پاشا بە دروستکردنی شاری سلێمانی جێماوێکی بەنرخی بۆ میللەتی کورد بەجێ هێشت".

بە کورتی نەهەیکەلەکەی یەکەم جار وە نە ئەمەی ئێستا نە بەڕواڵەت و نە لە ڕووی هونەرەوە هەردووکیان سەرکەوتوو نین و شایستەی ئەو پیاوە گەورەیە نین کە ئەم شارە و مزگەوتی گەورەی و چەندان مزگەوتی تری دروست کردووە.

* هەیکەلی ئەوڕەحمان پاشا

لەسەر ڕاسپاردەی پارێزگاری پێشوو جەنابی کاک دانا ئەحمەد مەجید هەیکەلی بۆ ئەوڕەحمان پاشای بابان لەلایەن هونەرمەند زاهیر سدیقەوە بە شێوەیەکی جوان پێک هات هەر مامۆستا زاهیر ڕۆژی (٢٠١٠/٣/٦) بردی بۆ دەربەندی بازیان کە ئەو شوێنەی بۆ تەرخان کرابوو لەوێ هەیکەلەکەی دامەزراند. بڕیار وا بوو شوێنەکە و دەوروپشتی بە شێوەیەکی جوان و شایستە ڕێک بخرێ و ئەوسا بە ئاهەنگێکی قەشەنگ (افتتاح) بکرێ، بەڵام بەداخەوە وا بۆ ساڵێک زیاترە کەس لێی نەپرسیوەتەوە ئێمەش ئەم ماوەیە دانمان بەخۆماندا گرت ئەمڕۆ سبەی چاوەڕوان بووین... هیچ ناچار ئەم هاوارەمان گەیاند.

* نۆژەنکردنەوەی سەرای سلێمانی و گومەزی سلێمان پاشای بابان

سەرای سلێمانی سلێمان پاشای کوڕی ئەوڕەحمان پاشای بابان دروستی کرد و ساڵی (١٨٣٨) وەفاتی کردووە ئەحمەد پاشای کوڕی تەواوی کرد. لەگەڵ نۆژەنکردنەوەی سەرا بڕیار درا کە گومەزی سلێمان پاشا لە گردی سەیوان نۆژەن بکرێتەوە داوا لە من کرا خەریتە و بودجەی پێک بێنم.

منیش نزیکەی ١٠٠٠ دۆلارم دا بە ئەندازیارێک ئەو ئیشەی بۆ کردم و لەم ڕووەوە جەنابی پارێزگاری نوێشم دی کە هاتە سەرا بۆ بەسەرکردنەوەی ئیشەکەی سەرا، ئێستا ئەو خەریتە و نەخشەیە لە بەینی سکرتێری نۆژەنکردنەوەی سەرا و لە بەینی ئەندازیارەکە ون بووە لە کاتێکدا کە گومەزی شێخی پیرۆز حاجی شێخ مارفی نۆدێ کە ڕاست بە تەنیشت گومەزی سلێمان پاشاوەیە لەسەر ئەرکی کاربەدەستان نۆژەن کراوەتەوە و گومەزە مێژووییە ڕووخاوەکەی سلێمان پاشاش هەروا ماوەتەوە. چاوەڕێی هیمەتی پیاوچاکان ئەکات. حەزرەتی نالی فەرموویەتی.

تـافـــەلەک دەوری نـەدا، کـــەوکـــەبـی ئاوا نـەبـوو
کـەوکـەبی مـیـهـری مـوبـارەک تەڵعـەتی پەیدا نەبوو
تا سـولێـمـانان، نەبوونە سـەدری تەختـی ئاخـیرەتی
ئەحـمـەدی موخـتـاری ئێـمـە شـاهـی تەخت ئاوا نەبوو

* ئاهەنگێک بۆ یادکردنەوەی مێژووی بابان

چەند ساڵێک لەمەوبەر کە (مـامۆسـتا سـامی شۆڕش) وەزیری ڕۆشنبیری بوو لە هەولێر ئاهەنگێکی فرە قەشەنگ ڕێک خرا بۆ یادی خوا لێخۆشبوو (شێخی نەمر- شێخ مەحموودی حەفید زادە) بە ڕاستی ئەو فیستڤاڵە تەواو لایەق بوو بە حـەزرەتی شـێخ. هەر لەو فـیسـتیـڤاڵەدا (دوای قسـە لێکردن لەگـەڵ مـامـۆسـتـا شـۆڕش) بڕیاری دا کـە ئاهەنگێک لەو ڕادەیە بۆ بابانەکانیش پێک بهێنێت... بەڵام دوای هەندێک گۆڕان مـامۆسـتا شۆڕش لەو جێگەیە نەما. برای بەڕێز (مـامۆسـتا فـەلەکەدین کاکەیی) هاتە شـوێنی، کـە ئەویش بـە سنگێکی فـراوانەوە پێشـوازیی لە پێشنیـازەکـە کـرد دوای ئەویش (مـحی مـەندەلاوی کە جێگر بوو) هـەر بە گـەرمـەوە قسـەکـەی پەسند کـرد، بەڵام دواکـەوتنی (تصـدیق)ی بودجـە بوو بە تـەگـەرە و ئیـشـەکـە پێک نەهات هـەرچەندە شتی بۆ ئامـادە کرابوو. بۆیە ئێستا ڕوو لە دوکتۆر کاوەی وەزیری ڕۆشـنـبـیـری نوێ دەنێین کـە ئـەم ئەرکـەی بـەسـەر سێ وەزیـردا تێ پەڕی و نەهاتە دی داوا لە مـامۆسـتا کاوەی بەڕێز ئەکەین بیهێنێتە دی کە ئەمـەش یادکردنەوەی چمکێکی گرینگە لە مێژووی میللەتەکـەمـان و هـەمـوو (أولیـات)ی لای مـامـۆسـتـا نەوزاد عـەزیزە کـە مـوسـتـەشـارە لە وەزارەتی ڕۆشنبیری لەگەڵ سڵاو و ڕێزمدا.

* شێخ ڕەزای تاڵەبانی وتوویەتی:

لـە بیـــرم دێ ســـولێـــمـــانـی کـــە دارلمولکی بـابان بـوو
نە مەحکومی عەجـەم، نە سوخرەکێشی ئالی عـوسمان بوو

* حاجی قادری کۆییش دەڵێت:

حـاکم و مـیـرەکـانی کـوردسـتـان
هـەر لـە بـۆتـانـەوە هـەتـا بـابـان
یەک بە یەک حـافظی شـەریعـەت بوون
سەیدی قـەوم و شێـخی مـیللەت بوون

* ئەحمەد موختار جاف وتوویەتی:

من کوردم حەز بە بـەرزی خاکی کوردسـتانەکـەم
ئارەزووی دەوری تەرەقی حـاکـمی بابان ئـەکـەن

* عەبدولخالقی ئەسیری ئەڵێت:

چاوەکـەم بۆ مـیللەتت تـەئریخی سـاسـانی بلێ
ساز و بەربووت لێ مـەدە ئای ئای و گۆرانی بلێ
چەندە حـوکـمـودارت لـە بتلیس و بۆتانا بووە
گـەر بە عـیلمت نـیـیـە پاشـایی بابانی بلێ

* پیرەمێرد فەرموویەتی:

خـوا پاداشـتی ئەم نـەهامـەتیـیـەی وا دایەوە و وام دی
بە پێی خـۆی هاتە بەرپێم تاجی گـەوهـەرداری کـوردی
سـەلاحـەدین جـەلالی وای نەبوو تەئریخ لە بـەرچاوە
پاشاکانی بابان هەموو مردن بە عەزرەت ڕۆژێکی واوە

* مام قانیعیش وتوویەتی:

بە واتەی مـێـژوو، تـەواو کـوردسـتـان
مــــــوڵکی بـابـانـە و بـابـە ئـەردەڵان

چەند ســـاڵێک لەمــەوبەر کـــە لە بەغــدا بووین، ئاهـەنگێک بە بۆنـەی نۆژەنکردنەوەی (قەڵای شیروانە) لە یانەی سەڵاحەدین پێک هات. برادەرێک لەناو قسەکانیدا وتی:

چەند ساڵ بابانەکان حوکمدار بوون شتێکی وەک ئەم قەڵایەیان دروست نەکرد. منیش کە ئامادە بووم لەو کۆڕەدا هەستام و وەڵامم دایەوە وتم:

هەر لە دروســتکردنی قـەڵاچوالانەوە هەتا شـاری سلێـمـانی و جـۆگـەی بەکرەجۆ کە ئێستا بووە بە شار و کتێبخانەی بابانییەکان (٦٠٠٠) بەرگ و ئینجا هاتمە سـەر مـزگـەوتی گـەورە و خـانەقـای مـەولانا خـالیـد و (١٢) مزگەوتی تر هەر لە شاری سلێمانیدا هەموو جێماوی بابانییەکانن بەڵام بەرامـبـەر بە قـەڵای شـیـروانەش وتم بابانـیـیـەکـانیش قـەڵا (سـرۆچک)یان دروست کـرد ئەمـانە و گـەلێک خـزمـەتی سـوودمـەندی تریان پێـشکێش بە میللەتەکەیان کرد.

من هەرگیز ناڵێم هەندێک لە بابانییەکان عەیب و عار و ناتەواوییان نەبوو (چەم بەبێ چەقەڵ نابێت) بەڵام هەرگیز بەو جۆرە نەبوون کە هەندێک کەس بە داخەوە تەنیا بۆ نووسین و خۆپێشاندان ڕووە کاڵ و کرچەکەی ڕۆژگاری بابان دەردەخــەن بێ ئەوەی بارودۆخـی ســیــاسـی و ئاینی و جـوگــرافی و کـۆمـەڵایەتیی ئەو کـات و سـەردەمـە شی بکەنەوە کـە بابانـیـیـەکـانی تیـادا ئەژیان. لەگەڵ کێدا وە دەسـەڵاتداری ئەو ڕۆژگارە کێ بوون؟ کە عوسـمـانی (تورکیـا) و ئێران بوون، چۆن لووتیـان ئەژەنە کاروباریانەوە و شـەڕیان پێ ئەفرۆشتن و برایان ئەکرد بە گژ برادا و لەگەڵ ئەوەشـدا بابانەکـان چوار

سەتە لەناو ئەو ئاگرە سوورەدا دەریان برد و ئەو هەموو جێماوە بەنرخەیان پێشکێش بە میللەتەکەیان کرد. هەر ئەو ئێران و تورکیایە نین کە ئەمڕۆ (نەک هەر تەنیا کوردستان) بگرە عێراق و ناوچەکە و ئەورووپا و ئەمەریکاش بەدەستیانەوە زەلالەتیانە.

کەوابوو ئەو (کەڵە)شاعیر و مێژوونووس و ئەدیبانەش هەر لە شەرەفخانی بەتلیسییەوە تا ئەمین زەکی بەگ و حوسێن حوزنی موکریانی و حوسێن نازم بەگ و مەولانا خالیدی نەقشبەندی و دەیانی تر، هیچیان پیاوی بابانەکان و مووچەخۆریان نەبوون. بۆ بەخشیش و پلە و پایە مەدحیان نەکردوون بگرە ئەقڵ و ویژدان و هەقیقەتیان کردووە بە ئالآی ئەو قسە و بۆچوونانەیان دواجار منیش ئەڵێم: من تەنیا چمکێکم لە مێژووی میللەتەکەم خستووەتە بەرچاو، خۆ هەڵکێشانی تیادا نییە (نان ئەو نانەیە ئەمڕۆ لە خوانە) خۆ ئەگەر بوترێ ئەمڕۆ کەی ڕۆژی ئەم قسانەیە شتی گرینگتر هەیە، منیش ئەڵێم وا بوو بە بیست ساڵ کوردستان بەدەست خۆمانەوەیە، ئەی ئەگەر ئەمڕۆ ئاوڕ لە ڕابردوومان نەدەینەوە ڕێزی لێ نەگرین ئەی هەڵی گرین بۆ کەی؟

داواکارم ئەم داوا و سکالآیانە بخرێنە پاڵ ئەو کارە پەسندانەی کە کراون و ئەکرێن و بەڕێوەن لەگەڵ ئەوپەڕی سوپاس و ڕێزدا.

## تیشکێک بۆ سەر ململانێی ئەمڕۆی کوردستان و گەندەڵی لەبەر ڕووناکیی دەقی ئەدەبی و پەندەکانی پیرەمێردەوە

حکوومەتی عێراق بێ عەقڵە، ئێمە داوای حوکمی زاتی ئەکەین، کەچی ئەوان دەستی دەستیمان پێ ئەکەن، ئەگەر عەقڵیان هەبێ سەربەخۆیی تەواویان ئەدەنێ، ئینجا بزانن دوای شەش مانگ لێپرسراوانی کورد، چی بەسەر میللەتدا ئەهێنن[1].

ئەمە قسەی خوا لێخۆشبوو بارزانی نەمرە، کەوا دیارە لە کاتی تووڕەبوونیدا کردوویەتی، لە کاتێکدا نائومێدیی لازیاتر بووە، لە ئومێد و گەشبینی بەرامبەر بە دوارۆژی میللەتەکەی و لەوە ئەکات لەم ڕۆژانەی ئێستادا قسەکەی نزیک بێت لە هاتنە دی. چونکە ئەو پیاوە، پیاوێکی پاک و ڕاست و بێ تەماع و دڵسۆز بوو، خاوەن ئەزموونێکی هێجگار زۆری ڕۆژگار بوو، هەڵسوکەوتی لەگەڵ هەمەجۆرەی ڕیزەکانی میللەتەکەمانەوە هەبوو. جا ئەگەر واش بێت بەڵام بێگومان میللەت هەر بەرەو پێشەوە هەنگاو ئەنێ و ئەگەر ئەمڕۆ تووشی هەردوو نشێوی بووبێ. خۆ هەر لەوێستەدا نامێنێتەوە بگرە ئەویش پەند لە ئەزموونی خۆی و میللەتانی تر وەرئەگرێ و بەرەو ڕۆژگارێکی ڕووناک و پرشنگدار ئەڕوات.

چەندەها گەلانی سەر ڕووی ئەم زەوینە، یەک لەدوای یەک هاتن و هەریەکە، دەوری خۆی بینی و دوای ئەوە بەرەو کوژانەوە و نەمان ڕۆیشتن، بەڵام ئەم کوردەی ئێمە کەوا دیارە تۆوی مان و بەرگەگرتن لە جەستەیدا چەسپاوە کە بتوانێ بەرامبەر بەڕووداوی جۆرەوجۆر بەرگە

بگرێ، زیندوو و کەللەڕەق توانی بەرگەی زریان و وەیشوومەی ڕۆژگار، خۆی ڕابگرێ.

ئەکەدییەکان لە قاپی (دەربەندی تەکیەی قەرەداخ، دەربەند گاور) نەخشەی سەرکەوتنیان بەسەر کوردی لولوگوتیدا لە شاخەکە هەڵاکەنن، بەڵام ئاخۆ چییان لێ هات (ئەکەدییەکان و کوردەکان کامیان ڕۆژگار پێچانیەوە و کامیانی هێشتەوە. هەروەها ئاسوورییەکان. چەندان جار ململانێیان لەگەڵ کورددا کرد و وڵاتەکەیان داگیر کردن... دەسا لە دواییدا، هەر ئەوان بەدەستی کورد کۆتاییان هات.

مەلا ئیدریسی بەتلیسی لە ساڵی ١٥١٤دا، هەر (٢٣) ئەمارەتە کوردییەکانی لە (دیاربەکرەوە هەتا موس) یەک خست لە شێوەی فیدراڵییەتدا و پاڵی دان بە سەڵتەنەتی عوسمانییەوە، کە ئەمە یەکەم ئیدارەی ناوەخۆیی کورد بوو کە عوسمانییەکان پێی هەڵسان، هەرچەندە ڕۆژگار، بە هەموو زەبروزەنگی مستەفا کەمال ئەتاتورکیشەوە بەرەو توانەوەی کورد ملی ئەنا.. ئەی باشە ئێستا لە تورکیادا خەریکی ئەوە نین دان بە تورکە شاخاوییەکاندا بنێن و ناوە ڕاستە ئەسڵییەکەی خۆیانیان بۆ بگێڕنەوە و هەموو ماف و داواکارییەکانیان دان پێدا بنێن، کە ئەوانیش میللەتی کوردن، کوردی تورکیان و لەگەڵ تورکەکاندا هیچ فەرقێکیان نییە، گریمان ئەم دان پیانانە ئەمڕۆش جێبەجێ نەبێ، سبەینێ شەقی ڕۆژگارو یەکگرتنی کوردی تورکیا کە لە هەڵبژاردنەکەی ئەنجوومەنی شارەوانییەکاندا بەدەستیان هێنا لە سەرانسەری کوردستانی تورکیادا ئەو ڕاستییەی بۆ هەموو جیهان دەرخست. واتا فیدراڵییەتەکەی مەلا ئیدریسیان بەزیادەوە خستەوە بیری لێپرسراوانی ئەمڕۆی تورکیا و جیهان.

## گەڕانەوەیەک بۆ دواوە و تەتەڵەیەکی ڕابردوومان

تۆ بڵێی دەرگەی ئەم قاپییە پۆڵایینانە هەتاهەتایە هەر بە داخراوی بە ڕووی کورددا . بمێنێتەوە و نەکرێنەوە؟

بەڵێ کورد بووبوو بە بەردی قوچەقانی بەدەستی داگیرکەرانی وڵاتەکەیەوە، بەڵام پریشکی ئاگری کوردایەتی تەنییەوە، واتا و گرێکوێرەی بەختی کورد کرایەوە.. هەرچەندە حوکمی بێگانە بیناقاقەی گرتبووین و پەلوپۆ هەناسەی لێ بڕیبووین، هەر ئەوەندەی مابوو چەپۆکێکیش بکێشن بە سەرماندا بێن: دانیشن ئێوە هەقی ژیانتان نییە...

بەکورتی میللەتی کورد لە پێناوی شەرەقۆچی داگیرکەراندا، هێجگار ئێران و تورکیادا ئەبوون بە ژێر دەست و پێوە، ئەو دووانەش دەستیان بە سمێڵیاندا ئەهێنا و چاویان بەخوێن رشتنی کورد ڕوون ئەکردەوە.

برایەتیی کورد لەلایەن دراوسێکانیانەوە، لە کاتی خۆشییاندا، خەنجەر و چەقۆیان بۆ تیژ ئەکردین کە سەرمان ببڕن.

بەڵێ لە ئەنجامی ئەم زوڵم و زۆرانەدا، بیروباوەڕی قەومییەت بڵێسەی سەند، وەک ئاگر لە پوش و پەڵاش بەربووبێت تەنییەوە. تاکو لەم دواییەدا بە تایبەتی لەدوای سەتەکانی حەڤدە و هەژدەدا تۆوی قەومییەت لە مێشکی کوردە دڵسۆزەکاندا تەواو چەکەرەی کرد. لە مێشکی مەلا و شێخ و پیاوی ئاینی و سەرداری گەل و بنەماڵە بەڕێزەکان و ڕۆشنبیرەکانی ئەو ڕۆژگارەدا ڕەگی داکوتا و دەستیان پێ کرد. شۆڕش بۆ ماف، بێ ئەوەی گوێ بدەنە کوشتن و بڕین.

هاتن شەهیدەکان بە بەرگی سووری خوێنەوە
دایکی وەتەن دە هەڵسە سڵاویان بسێنەوە

شـێخ قـادره لە پێـشـەوە سـەرقـافـڵـەی ئەوان
چەند جوانە، خوێن و ڕیشی سپی، پیر و نەوجەوان
سـەیری ئەمـانە کـە، هەمـووی کوردی صـفـاشکەن
گـیـانیـان پێـشکەش ئـەکرد و دەیانـوت بژی وەتەن
قـوربانـی تۆن بەڕیزە، کـە غـەم لەبەر نەبێ
بۆ ئێـمـە مـردنە ئەگـەر ئازادە سـەر نەبێ
مـەگـری، مـەناڵە، بابە خـەفـەت دڵشکست نەبن
نەخـتـێک لەلات ئەمـێننەوە، بۆ بەهەشت ئەچن
شـەوە زەنگی کـورد، ڕۆژەوەبوونی لەدوایە

شـەوی کـورد چەند تاریک و لێڵ و درێژ بێ بەڵام ڕۆژی هەر بەدوادا دێ کـە ئەو تاریک و لێڵ ڕوون کاتەوە.. ڕۆژ ناکوژێتەوە. ئەم گـەلەی ئێمـە چەندان جار بە زمانی لووس خەڵەتاوین و چەندان هەڵمان لە کیس خۆمان داوە. کە ئەمانە هەموو بوون بە ئەزموون لە فەرهەنگی سیاسیی کورددا و جارێکی تر نابێ بە قسەی ئەم و ئەو هەڵبخەڵەتێین.

لە سیاسـەتدا دۆستایەتیی هەمیشەیی و ناحەزی هێجگاری نییە.. بگرە بەرژەوەندیی دائیـمـیی هەیە. ئەم قـسـەیە لە وەزیری دەرەوەی پرووسـیـاوە سـەری هەڵدا و (چەرچل)ی سـەرەک وەزیرانی پێـشـووی بەریـتـانیـا و (گۆرباتشـۆف) سـەرۆکی یەکەتیی سۆڤـیـەتی ئەوسا سەلمێنراوە و (مەلیک حـوسـێن)ی شـای ئوردن بە وردی پەیڕەوی کـرد و ئەیوت (بەرژەوەندیی ئوردن) لەپێش هەموو شتێکەوەیە...

ئیـتـر بە کورتی دوژمن هەر دوژمنە، لە هەر کوێیەک بێت، دوور یا نزیک، گەورە یا بچووک، زۆر بێ یا کەم.. پیاو هەر ئەبێ ئاگای لە خۆی بێ.. نابێ

له مێژووی کۆندا میرنشینه کوردییەکانمان له بیر بچێت وەک میرنشینی بابان، ئەردەڵان، سۆران، بادینان، که بەدەستی ئێران و عوسمانی چۆن فەوتان و... له مێژووی نوێشدا، حکوومەتەکەی شێخ مەحموود و کۆمارەکەی قازی محەمەد (کۆماری مەهاباد) کە بەدەستی ئینگلیز و ئێران و سۆڤیەت لەناوچوون.

کەوابوو ئەی کورد: ئەمڕۆ ڕۆژی ساروخ و دەستەمۆکردنی مانگ و گەیشتنە مەریخە، ئەبێ واز لە سواری عەرەبانەو ئۆتۆمۆبێلی پریشقە بێنین. ڕۆژی بۆمبای ئەتۆم و هیدرۆجینە خەنجەر و چەقۆ و تفەنگی حسکە بە کەڵک نایەن. جا برای بەڕێز ئەگەر تۆ خۆت لە تواناتدا نەبوو لەگەڵ نوێدا برۆی و دەربەدەری (کەلا) بە و دوور بکەوە، ڕێگا بۆ کوڕ و کوڕەزاکانت چۆڵ بکە، با ئەوان پیا برۆن.. ئەوان کارەکەی تۆ تەواو کەن، پەندی پێشینانت لە بیر بێت لە زمان پیرەمێردی نەمرەوە کە ئەڵێت:

(هەندە بەرز مەفڕی بڵێن بێباکە
دیارە بێباکی هەر بۆ خوا چاکە

کە قلبی (اقبال) (لابقایی) یە
یەکەم هەڵکردن پادشاییە

کە خۆت خودبین بێ و بۆ خەڵک بەدبین بی
نابێ لە دوارۆژت ئەمین بی

مەسنەدیش نادرێ بە زۆری چەنە
لەم زەوییە ڕەقە، تۆزێ هەڵکەنە

پیاوێ دووربین بێ نابێ تەنیا بێ
کە دۆستی نەبێ دەستیشی نابێ

قەت ڕێک ناکەون گەورەی ئەم شارە
تاریکاییی شەو و ئێوارە دیارە

کۆلارە ساڵێک نێرە و ساڵێک مێ
هەیە نێرمێن بۆ هەموو دەمێ

سەرچاوە:

١- (ڕۆژانێ لە مێژووی شۆڕشی ئەیلوول)،ل٥، نووسینی شەوکەتی مەلا سمایل.